
بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

131
25 ی نیسان/ ئەپریل 2026

## کوردستان لەنێوان بەرداشی جەنگدا!



موحسین کەریم

لەدوای ٢٠٠٣وەوە، پرسی کۆنترۆڵکردنی چارەنوسی سیاسی عێراق لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا، یەکێک بووە لە پرسە گەرمەکان و هەمیشە فاکتەرێکی ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێران بووە لەپاڵ کۆمەڵێک پرسی دیکەدا. ئەگەرچی ئەمریکا رژێمی سەدامی روخاند و عێراقی داگیرکرد، بەڵام نەیتوانی کۆنترۆڵی دۆخی سیاسی عێراق بکات و وەکو ناوچەی نفوزی خۆی جێگیری بکات. ئەمریکا بێجگە لە پارتی و یەکێتی، نفوزێکی ئەوتۆی لەناو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا نەبوو. هێزە ئۆپۆزیسیۆنە عێراقیەکان زیاتر لەژێر نفوز و کاریگەری ئێراندا بوون. ئیسلامی سیاسی سونە، کە پاشماوەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوون، رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو لە بڕیاری سیاسی عێراقدا.

ئەگەرچی لەدوای ١٩٩١ەوە هەرێمی کوردستانی عێراق بەکردەوە لە عێراق دابڕابوو، وە ناوچەی نفوزی ئەمریکاو بەجۆرێک ئیسرائیل بوو، بەڵام هیچ کاتێک نەیتوانیوە خۆی لەژێر کاریگەری ئێراندا دەرباز بکات و بەجۆرێک پەیوەندی سیاسی- ئەمنی- ئابوری خۆی لەگەڵ ئێراندا درێژەپێداوە. لەدوای ٢٠٠٣ەوە، بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت و هەرێمی کوردستان دەچێتەوە ناو چوارچێوەی سیاسی– یاسایی عێراقەوە. بەوجۆرە هەمان ئەو کێشمەکێشەی ئەمریکاو ئێران لەسەر هەژمونی بەسەر دۆخی سیاسی عێراقدا سایەی بەسەر کوردستانیشدا دەکێشێت، بەڵام هەمیشە هەرێمی کوردستان پەراوێزێکی بۆ مانۆرکردن هەبووە!

بۆ لاپەڕە ٢



## ئەمریکا هێرش دەکاتەوە؟!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە دەربارەی ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕ!

بۆ لاپەڕە ٥

* بەیاننامەی حزب بەبۆنەی یەکی ئایارەوە ........ لاپەرە ٩
* بەیاننامەی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەبۆنەی گیانلەدەستدانی هاوڕێ شاكر الناصري .... لاپەڕە ١٠



## یەکی ئایار و تایبەتمەندی و خواستەکانی چینی کرێکاریی کوردستان!

عەبدوڵا مەحموود

بۆ لاپەڕە ١١



## "یەکڕیزی ناماڵی کورد" دەستەواژەیە بۆ فریودانی خەڵک!

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ١٢

※ کاریگەری شەڕ لەسەر بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ئێران.....
توانا نوری ..... لاپەرە ١٣
※ ئاستی هاوسەنگی شەڕی ئەمریکا و ئێران!
عوسمانی حاجی مارف... لاپەڕە ١٤

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی........ کوردستان لەنێوان بەرداشی جەنگدا!

ئەوەی له عێراقدا، لەڕێگای دەسەلاتی هێزو گروپە شێعەکانەوە کە دەسەڵاتی جێبەجێکاری سەرەکی عێراقیان کەوتبوە دەست، ئێران هەژمونیەکی فراوانی هەبوو، لە هەرێمی کوردستان ئەو هەژمونیەی ئێران کەمترو زیاتر بەلای ئەمریکادا دەشکایەوە.

لەم هەلومەرجەدا، هێزو حزبە سیاسیە چەکدارەکانی کوردستانی ئێرانی ئۆپۆزیسیۆنی رژێم، ئەو فرسەتەیان بۆ رەخسابوو لەناو کوردستانی عێراقدا بنکەو بارەگایان هەبێت و هەڵسورانی سیاسی خۆیان بکەن و تەنانەت ناوبەناو چالاکی سەربازیش دژی رژێمی ئێران ئەنجام بدەن. هەڵبەتە هەمیشە رژێمی ئێران و دەزگای ئیتڵاعات هەوڵی ئەوەیان داوە چ لەرێگای تیرۆرەوە و چ لەرێگای هێرشی مووشەکی و پەلاماری چەکداریەوە زەربە لەو هێزانە بدەن، بەڵام سەرەنجام دۆخەکە بەوجۆرە بەردەوام بووە تا دوای روداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ کە حکومەتی ناوەندی دەسەلاتی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا زیاتر سەپاند و حکومەتی هەرێمی ناچارکرد پابەند بێت بە بڕیارەکانی بەغداوە لەهەموو روویەکەوە. یەکێک لەو پرسانە، پرسی بوونی ئۆپۆزیسیۆنی دژی رژێمی ئێران بوو له هەرێمی کوردستان. ئەوەبوو بەپێی رێکەوتنێکی نێوان حکومەتی عێراق و رژێمی ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان، بنکەو بارەگای ئەو حزبانە چۆڵکران و لە شوێنی تایبەتی لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکاندا دانران. بنکەی ئەو هێزانەی کە لە ناوچەکانی سلێمانی ژێردەسەلاتی یەکێتیدا بوون گوێزرایەوە بۆ سورداش و ئەوانی ژێر دەسەلاتی پارتی لە نزیک کۆیە نیشتەجێکران!

هەڵبەتە هەمیشە مەترسی لەسەر ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە رژێمی ئێران هەبووەو هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی ئارام و ئاسایش نەبووە بۆیان. رژێمی ئیسلامی ئێران ئەگەر بیتوانیایە، ئەوەی کە بەسەر گروپی موجاهیدینی خەڵک هێنای لەدوای روخانی رژێمی بەعس لە کەمپی ئەشرەف، لەرێگای گروپە چەکدارە شێعەکانەوە، ئەوەشی بەرامبەر بەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردیانەی نەیاری خۆی دەکرد، بەڵام کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوری هەبوو لەوەی رژێمی ئێران نەتوانێ ئەو کارە بکات، چونکە حکومەتی هەرێم ئەزمونی شەڕی پەکەکەی هەبوو کە ساڵی ١٩٩٢ لەسەر داوای تورکیا کردیان و روبەرووی شەرمەزاریەکی سیاسی گەورەبوونەوە لەناو خەڵکی کوردستاندا! بەرامبەر بەوەی ئێران فشاری زیاتر نەهێنێ بۆ حکومەتی هەرێم، هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردیەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا رێکەوتن کە هەموو چالاکیەکی چەکداری دژی ئێران لە کوردستانی عێراقەوە ڕابگرن.

دوای دەستپێکردنی شەڕی ئەمریکاو ئیسرائیل دژی ئێران و ڕاگەیاندنی ئامادەیی ٦ حزبی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران بۆ بەشداریکردن له هێرشی زەمینی ئەمریکا بۆسەر ئێران لەلایەک و ڕاگەیاندنە بەردەوامەکانی ترامپ و ئیسرائیل بۆ هاوکاری هێزە کوردیەکان دژی ئێران و ناردنی چەک و هاوکاری سەربازی، ئیتر دۆخەکە بەتەواوی گۆڕانکاری بەسەردا هات.

ئەگەرچی ئەو حزبانە رایانگەیاندوە کە چەکیان لە ئەمریکا وەرنەگرتوە و یان هەنگاوێکی لەوجۆرەیان نەناوە، بەڵام لەراستیدا ئەوان چاوەرێی ئەوەبوون و هەن کە ئەمریکا هێرشی زەمینی دەست پێبکات و ئەوانیش لەکوردستانەوە پەلاماری دەزگاو دامەرزاوە سەربازی و ئیتڵاعاتی و ئیداریەکانی رژێم بدەن و کۆنترۆڵی شارە کوردیەکان بکەن! بەوجۆرە ئەو ٦ حزبە بەکردەوە بوونە بەشێک لە شەڕی ئەمریکاو ئیسرائیل دژی ئێران و رژێمی ئێرانیش ئەو بیانوەی دەستکەوت کە بەناوی ئەوەی ئەوان بەشێکن لە جەنگی ئەمریکا، بە مافی خۆی بزانێت هێرش بکاتە سەریان. لەئاکامی ئەمەشەوە دۆخی ئاسایش و ئەمنی خەڵکی کوردستان رووبەرووی تێکچوون و دڵەراوکێ و مەترسی بوەتەوە.

بێگومان ئەوە تەنها ئەو ٦ حزبەی کوردستانی ئێران نین کە بە پشتیوانیان لەشەڕەکە بیانویان داوەتە دەستی رژێمی ئیسلامی ئێران بۆ بۆردومانکردنی کوردستانی عێراق، بەڵکو دەسەڵاتدارانی کوردستان و بەتایبەتی پارتی، بە ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لە شەڕەکەی ئەمریکاو ئیسرائیل دژی ئێران دەکەن و ئەوانیش بەشێکن لەوەی کە کوردستانی عێراقیان کێشکردوە بۆ هێرشی درۆن و رۆکێتی ئێران و گروپە چەکدارە شێعە عێراقیەکانی سەر بە ئێران! بەوجۆرە خەڵکی کوردستانی عیراق لەنێوان بەرداشی جەنگێکدا راگیراون کە تەنها کارەساتیان بۆدەهێنێ!

★

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# ئەمریکا هێرش دەکاتەوە؟!

## عوسمانی حاجی مارف

ئەمریکا و ئێران لە یەکەم دانیشتنی ئیسلام ئابادا، نەگەیشتنە ڕێکەوتن لەسەر چارەسەری بەردەوامی ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش ئاسۆی ئاگربەستی دوو هەفتەیی زیاتر لێڵکرد، میدیاکانی دەوڵەتی ئێران پێشتر باسیان لەوە کردبوو کە خاڵە سەرەکیەکانی ناکۆکی، بریتین لە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و تێپەڕین بە گەرووی هورمز و وەستانی شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵا.

شکستی دانوستانەکان چاوەڕوانکراو بوو، بەوپێیەی ئاسان نییە لە خولێکی کورتی دانوستاندا چارەسەری پرسە درکاویەکانی ململانێی دەیان ساڵە بکرێت، بەتایبەتی کە هەردوولا بە لۆژیکی "سەرکەوتوو" لە شەڕەکەدا مامەڵە دەکەن، واتە کاتێک لایەنی سەرکەوتو دیاری ناکرێت، هەر لایەنێک دەیەوێت مەرجی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە بسەپێنێت، ئاشکرایە کە بەزوویی ناگاتە ئەنجام.

چۆنیەتی سەرنەکەوتنی دانوستانەکە، جێگەی سەرسوڕمان نەبوو، هەر لەسەرەتاوە بەڕێوەبردنەکە بە ئەنقەست بوە ململانێیەکی درێژخایەن تا بەکراوەیی بمێنێتەوە و وردتر ڕێکبخرێت، لەکاتی پێویستدا قسەی لەسەر بکەنەوە، لەڕاستیدا هیچ لایەنێک مەبەستی نەبوە فایلەکە بەو شێوەیەی کە لە وتارەکاندا ڕایانگەیاندوە دابخەن.

دەکرێ بڵێین، ئەو چەقبەستووەی ئێستا لەدانوستانەکاندا پێشهاتووە، ئەگەری سێ سیناریۆ دەخاتە ڕوو:

یەکەمیان گەڕانەوەیە بۆ شەڕ، کە ئیدارەی ئەمریکا و ترەمپ لە چەندین بۆنەدا ئاماژەیان پێکردووە، یان وەک هەڕەشەیەک بۆ دانوستانەکان بەکاریان هێناوە، ئێرانیش لەو بارەیەوە هیچ دودڵیەکی نیشان نەداوە و ڕایگەیاندووە ئامادەیە بۆ شەڕ.

دووەمیان، وەستانی یەکلایەنە بۆ شەڕ لە لایەن ئەمریکاوە، دوای ئەوەی زیانێکی بەرچاوی بە توانا سەربازیەکانی ئێران گەیاندوە وە بە ئامانجگرتنی ژمارەیەکی بەرچاوی سەرکردەکانی، بەڵام ئێران خۆی ڕادەستی ئامانجەکانی ئەمریکا نەکرد، لەهەمانکاتدا ئێرانیش ئەوە دەبینێت کە وەستانی شەڕ بەقازانجی دەبێت، هەربۆیە لەخۆئامادەکردنان بۆ خولی دووەمی دانوستانەکان، تارادەیەکیش هەندێجار نەرمیەک بۆ ڕێکەوتن پێشبینی دەکرێت.

سیناریۆی سێیەم، گەڕانەوەیە بۆ سەر مێزی دانوستان و بەکارهێنانی ئەوکاتەی کە لە ئاگربەستەکەدا ماوە، ئێستاش ئەوە دەبینرێت کە جگە لە ئامادەیی دوبارەی ئەمریکا و ئێران بۆ دانوستانەکان، لە هەمانکاتدا ئیسرائیلیش لەگەڵ لوبنان چونەتە دانوستانەوە.

بەڵام لەنێو ئەو سیناریۆیانەدا، پێموایە مەیلی ئەمریکا بەجیا لەوەی بە مەرجەکانی ئێران بۆ ڕێکەوتن، لەسەر وەستانی شەڕ ڕازی نیە، بەڵام پێدەچێت بیانەوێت ڕێڕەوی دوخەکە لە ئاگربەستی کاتیەوە، بە شێنەیی بگۆڕن بۆ وەستانی شەڕ، بەمانایەک بەبێ ئەوەی دانوستانی تر دەکرێت یان نا، ئەگەری ئەوە هەیە لەباری عەمەلیەوە هەوڵبدەن پێداگری لەسەر هەڵنەگیرسانەوەی شەڕبکەن، کە دۆخەکە لە ئارامیەکی درێژماوەتردا ڕاگیرێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بەکارهێنانی هەر توانایەکی سەربازی ئاسمانی بێوێنە، کە لەم شەڕەدا لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە نمایشکرا، بەڵام نەیانتوانی ئێران ملکەچ کەن، بۆ بەدەستهێانی ئامانجەکانیان لە "ئێران و ناوچەکە و لە جیهاندا".

لەلایەکی تریشەوە دوای کۆکردنەوەی هێزێکی سەربازی زەمینی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بۆ هێرشی زەمینی بۆ سەر ئێران، ناتوانێت پێشبینی مسۆگەرکردنی سەرکەوتن بە ئاسانی و لە کورتماوەدا بکات، جگە لەوەش ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی خەسارەتی هێزی سەربازی ئەمریکا دەبێت، کە دانیشتوانی ئەمریکا قەبوڵی ناکەن، واتە گەڕانەوە بۆ شەڕ نەک ناتوانێت سەرکەوتن بۆ ئەمریکا دەستەبەرکات، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە لەبەرامبەر شکستێکی گەورەتردا خۆی ببینێتەوە.

ئەوەی شایانی باسە، دوای چەند کاتژمێرێک لە دەستپێکردنی دانوستانەکانی ١١ی ئەپریل، ترەمپ پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە ئەمریکا پێشتر بە کوشتنی سەرکردەکانی ئێران، وە لەناوبردنی ژێرخانی سەرەکی سەربازی و وێرانکردنی شارەکانی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هەروەها جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، گەر بگەنە ڕێکەوتن یان ڕێک نەکەوتن، هیچ جیاوازیەکی نیە و ئەمریکا هەر سەرکەوتووە، واپێدەچێت ئەمەش بیانویەکی تربێت بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە، بەبێ ئەوەی بچنە ناو دانوستانێکی ترەوە.

لەهەمانکاتدا دوای ٢١ کاتژمێر وتوویژ لە ئیسلام ئاباد، ڤانس جێگری ترەمپ بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە گەیشتن بە ڕێکەوتن هێشتا مومکین نییە، بەڵام ئایا شەڕ دەکەنەوە؟، لەم دانیشتن و دانوستانەدا، ئەم پرسیارە بێوەڵامە! لەهەمانکاتدا دەرگای دانوستان دانەخرا.

هەڵبەتە گومانی تیا نیە، ئێران بە کۆنترۆڵکردن و داخستنی گەرووی هورمز فشاری ئابووری خستە سەر جیهان، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، هەروەها گوشارە سیاسیەکانی لە سەر ترامپ گەورەتر کرد،

لەهەمان کاتدا داخستنی ئەم گەرووە بە شێوەیەک هاوسەنگی شەڕەکەی بە قازنجی ئێران گۆڕی، وەک ئەوەی زۆر کەس بە گاڵتەجاڕییەوە دەیانوت، پێشتر گەرووی هورمز کراوە و ئازادبوو، بەڵام ئێستا ئامانجی ئەمریکا بۆتە ئازادکردنی گەرووی هورمز!.

چۆنیەتی ئەم ململانێییەی دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، لەئاستێکدایە هەر یەک لە لایەنەکان ئەوەیان پێوەدیارە، توانای بەردەوامی شەڕەکەیان نییە، بەتایبەتی بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل دوای چل ڕۆژ لە سەپاندنی هێزی ئاسمانی و وێرانکاری، ڕێگای بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بەتایبەتی بۆ باڵادەستی بەسەر ناوچەکەدا نەک بەدی نەهات، بەڵکو لەهەمانکاتدا ئەزمونی سەرنەکەوتنیان، پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان بە وڵاتانی عەرەبی و خەلیجیشەوە بێمتمانە و لاوازکردووە.

لە هەمانکاتدا گەر شەڕەکە دوبارەبێتەوە، وێرانکەرترو کارەساتبارتر دەبێت، دۆخی نائارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فروانتر و هەمەلایەنەتر دەکات، زەحمەتە ئەمریکا و ترامپ ریسکێکی لەو چەشنە بکەن، هەربۆیە دەبینین زیاتر باس لە ئامادەیی بۆ دانوستان دەکرێت.

ئاگربەستی نێوان واشنتۆن و تاران، دوای نزیکەی چل ڕۆژ لە لێدانی وێرانکەر لە ئێران، کوشتنی هێماکانی ڕژێمەکە لەسەروویانەوە هێمای ڕەهبەری، لە خامێنەییەوە بۆ خوارەوە، لەژێر ڕۆشنایی چارەنووسی نادیاری موجتەبا میراتگری تەختی خامێنەیی، ناتوانرێت وەک پێشەکییەک بۆ ڕێکەوتنی هەمیشەیی ئاشتی بخوێنرێتەوە، واتە لەهەر حاڵەتێکدا بەردەوامی بەدۆخێکی ناسەقامگیر و نائارام ئەدەن.

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا، هیچ لایەنێکیان نایانەوێت بەو مەرجانە کۆتایی بەشەڕەکە بهێنێت کە لایەنەکەی دیکە داوای دەکات، واشنتۆن نایەوێت فایلەکە دابخات چونکە کاریگەری گرنگ لەدەست دەدات، تارانیش ڕادەستبون قەبوڵ ناکات چونکە ئەو پێگەیەی لەژێر ئاگردا دروستی کردبوو لەدەستی دەدا، لە نێوان ئەم دووانەدا ناوچەکە وەک گۆرەپانێکی کراوە بۆ ململانێی هەمیشەیی دەمێنێتەوەو بەڕێوەدەبرێت، لەم نێوەشدا دەورو دەخالەتی روسیا و چین بەشێکی سەرەکی ململانێکەن.

بۆ ئامادەیی بە خولی دووەمی دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، بە پلانێکی سێ لاپەڕەیی بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە شەڕەکە بەردەوامە، کە یەکێک لە مەرجە پێشنیار کراوەکان، بریتیە لە ئازادکردنی نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار، لە سامانی بلۆککراوی ئێران، لە بەرامبەر دەستبەرداربونی تاران لە کۆگاکانی یۆرانیۆمی پیتێنراو، بەڵام ترەمپ ئەم زانیاریانەی ڕەتکردۆتەوە و ڕایگەیاند، کە تاران کۆگای یۆرانیۆمی پیتێنراوی خۆی بەبێ هیچ شتێک ڕادەست دەکات، لە هەمانکاتدا عراقچی ڕایگەیاند، هاوپێچ لەگەڵ ئاگربەستی لوبنان، گەرووی هورمز بەتەواوی بەڕووی هەموو کەشتیە بازرگانیەکاندا بۆ ماوەی ئاگربەستەکە بەتەواوەتی کراوەیە، بەڵام دواتر جارێکی تر ئێران دایخستەوە، هەرچەندە ترامپ ماوەی وەستانی شەڕەکەی درێژکردەوە، بەڵام چارەنوسی دانوستانی خولی دووەم تا ئێستا نادیارە.

ئیدارەی ترەمپ ئاگربەستەکەی قبوڵ کردوە، یان وردتر بڵێین، بەپەرۆشەوە بەدوایدا دەگەڕێ، بۆ ئەوەی خۆی لەو بنبەست و تەنگانەیە بپارێزێت کە خۆیی و نەخشە و سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروستیان کردووە. لە ڕووی لۆژیکیەوە هەرلایەنێک سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەی لە شەڕێکدا بەدەست هێنابێت، پەلە ناکات لە کۆتایهێنانی، هەروەها پاش نائومێدبونی ترامپ لە کاریگەری درۆ و هەڕەشە پوچەکانی، کە وایکردووە ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی و سووکایەتی، دەبینین سواڵ دەکات بۆ دانوستان و ڕێکەوتن.

میدیاکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕۆژئاوا زیاتر لە میدیا ئێرانیەکان باس لە شکست و پاشەکشە و نائومێدیەکانی واشنتۆن و تەلئەبیب دەکەن، جگە لە میدیاکان جەماوەری ئەمریکا تادێت نارازیبون لە سیاسەتەکانی ترەمپ دەردەبڕن، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فشارە ئابوریەی کە بەهۆی شەڕەکەوە دروست بووە، هەروەها گرتنی ڕەخنەی توند لە ترەمپ چیتر تەنها لە نەیارانی دیموکراتەکانیدا سنووردار نییە، بەڵکو تەنانەت ئەندامانی پارتی کۆماریەکانی خۆیشی دەگرێتەوە. ئێستا باس لە ئەگەری لێپێچینەوە لە پۆستەکەی بە شێوەیەکی بەرفراوان لەناو بازنەکانی سیاسی ئەمریکادا دەسورێتەوە. هاوکات ناتانیاهۆ بەردەوامە لە خۆدزینەوە لە دادگایکردنەکەی بە تۆمەتی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەلات، لەگەڵ ئاماژەدان بە خراپبونی بارودۆخی ئەمنی.

کاردانەوەی شەڕی چل ڕۆژە هەر بەوانەوە ناوەستێت، ئەگەری ئەوە هەیە ترامپ و ناتانیاهو بخاتە خوارەوە، لە هەمانکاتدا نەخشەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە پەیوەند بە ململانێی لە بەرامبەر زلهێزەکانی دنیادا، پێویستیان بە پێداچونەوە دەبێت.

بەگشتی دۆخی ململانێکان ئەوە نیشان ئەدەن، کە ئاگربەست لە لێواری وەستانی جەنگدایە، لە هەمانکاتدا ئەگەری دوبارەبونەوەی شەڕیش چاوەڕونکراوە، ئەوەی لەم نێوەدا گرنگە، وەستان و کۆتایی شەڕەکەیە، بەردەوامی شەڕەکە هەر ئاییندەیەک وەک دەستکەوت یان زیان بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران پێشبهێنێت، هیچ پەیوەندیەکی بە دانیشتوانی ئێران و ناوچەکەوە نیە، جگە لە خولقاندنی کارەسات و وێرانکاری و ماڵوێرانی زیاتر، بۆیە دژایەتیکردنی ئەم شەڕە و خواستی وەستانی ئەم شەڕە بەبێ مەرج و چونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، دروشمی سەرەکی بزوتنەوەی دژی شەڕە لە جیهاندا.

★

# گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب دەربارەی ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕی ئەمریکاو ئیسرائیل دژ بە ئێران

**ئۆکتۆبەر: وەکو ئاگادارن دوای ٤٠ ڕۆژ جەنگ لەنێوان ئەمریکاو ئیسرائیل لەلایەک و ئێران لەلایەکی دیکەوە، ماوەی دوو هەفتە ئاگربەست ڕاگەیەنرا. هەر لەوماوەیەدا کۆبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان تیمی دانوسانکاری ئێران و ئەمریکا لە پاکستان بەرێوەچوو، بەڵام کۆبوونەوەیەکە بەئاکامێکی ئەوتۆ نەگەیشت! دوای ئەوە سەرۆکی سوپای پاکستان سەردانی ئێرانی کردو پەیامێکی ئەمریکای بە ئێران گەیاند. ئێستاش سەرباری ئەوەی باسی گەڕێکی دیکەی دانیشتنی نێوان هەردوولا دەکرێ، بەڵام لە پڕوپاگەندەی ئێران و ئەمریکادا ئەو ئەگەرە زۆر لاوازە کە بە ڕێکەوتنێک بگەن و مەترسی شەڕێکی وێرانکەر دوبارە لەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا هاتوچۆ دەکات؟ ئێوە لەمبارەوە دەڵێن چی؟**

خەسرەو سایە: بێگومان هەم خودی جەنگی ٤٠ ڕۆژەو هەم ئەو ئاگربەستەی کە لەئارادایە هێشتا مەترسی خولێکی تری شەڕێکیماڵوێرانکەری بەسەر ناوچەکەوە نەڕەواندۆتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی کە ترامپ ودەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا، جەنگ و سیاسەتی جەنگخوازی ومیلیتاریزم وهەموو ئەو کاوڵکاریەی لەغەزەوە دەستی پێکرد، بۆتە یەک زەرورەتی بنەرەتی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشمەکێشە سیاسی و ئابوریە جیهانیەکانی خۆی لەبەرامبەر هێزە ئیمپریالیستی و جەمسەرە ڕەقیبەکانیدا، بەتایبەتی بەرامبەر بە پەرەسەندنی ڕۆڵی ئابوری چین لەجیهان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

بەواتایەکیتر زەرورەتی جەنگو میلیتاریزم بۆ ئەمریکا لەدەورەیەکدا کەسەرهەڵدانی دونیای چەند جەمسەری پێگەی ئەمریکای بەرەوخوارەوە بردوە و هاوکات مەسەلەی سازدانەوەی جیهانی سەرمایەداری و دوبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوزی لەئەولەویاتی هێزە ئیمپریالیستی و بلۆکبەندیەکانی نیوانیاندا داناوە، ترامپ و ئیدارەکەی دەیەوێت لەڕیگای جەنگو ڕاکێشانی هیزی میلیتاریستی ودروستکردنی فەوزا وقەیرانە ناوچەییەکانەوە بەپشتبەستن بەهاوپیمانی ئیسرائیل، لەلایەک بەربە پەرەسەندنی نفوزی چین و هیزە رەقیبەکانی خۆی بگرێ ولەلایەکی تریشەوە ئیعادەی هەژمونی یەکلایەنەی خۆی بەسەر جیهان و ڕۆژهەلاتی ناوەرستدا جێگیربکاتەوە، کەبێگومان ئەمەش بەنرخی راکێشانی جیهان و ناوچەکەیە بۆ کارەساتێکی گەورەی مرۆیی وسەپاندنی کاولکاری ودۆخێکی سەختی ئابوری وکۆمەلایەتی...

بەڵام ئەوەی کە لەستراتیژی جیهانی وناوچەیی ئەمریکادا، ئێران کراوەتە نیشانەی سەرەکی هێرشەکان وئەو جەنگە ٤٠ ڕۆژەیەی بەدوادا هێنا، دەگەڕیتەوە بۆ پێگەی ئێران وەک ئەڵقە و ناوەندێکی گرنگی ئابوری وهێز چ لە پڕۆژەکانی بلۆکی چین وروسیادا وچ لەدەخالەت ونفوزی لەئاست ولاتانی ڕۆهەلاتی ناوەراستدا. واتە بەدەر لە پڕوپاگەندە جەنگیەکانی ترەمپ بۆ پاساودانی جەنگەکەی، سەبارەت بەلەناوبردنی پرۆژەی ئەتۆمی ئیران ومەسەلەی ئازادی ومافەکانی خەڵکی ئیران وشتی لەم بابەتە، سەپاندنی جەنگ وکاولکاری بەسەر خەڵکی ئێراندا، لەبنەڕەتدا لەلایەک بۆ دابڕاندنی ئێرانە لەچین و روسیاو تێکدانی هەموو ئەو پڕۆژە ئابوری و سیاسیەیە کە بە ئێرانەوە گرێی خواردووە، وەلەلایەکی تریشەوە، گوڕین وتەسلیمبونی ئیرانی ئێستایە بەدەوڵەت و هیزێک کەنەک هەر چیتر بەربەست نەبێت لەبەردەم پڕۆژەی سازدانەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست لەدەوری ڕۆڵی یەکلایەنەی ئەمریکاو پێگەی مەرکەزی ئیسرائیل لەناوچەکەدا، بەڵکو ئیرانێک بێت بسازێت لەگەڵ سیاسەت وئامانجەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل وهاوپەیمانەکانیدا. ئەمریکا و ئیسرائیل کەلەدورەی پێشوتردا وبەتایبەتی لەدرێژەی شەری غەزەدا، هەم کاریانکرد بۆ روخانی ڕژێم لەسوریا وهەم کەوتنە پەلاماردانی هێزەکانی "بەرەی مقاوەمەت"، بەلام هەموو ئەمانە ئێرانی تەسلیم بەویست وئامانجەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل نەکرد و وەک بەربەستێک مایەوە و ئەمەش زەرورەتی جەنگی بەکردەوە دەرهێنا.

ئەوەشی کە جەنگ پاش ئەو کوشتار وبۆردومان و کاولکاریە چل ڕۆژیەی کە بەسەر خەڵکی ئێران و ناوچەکەدا سەپا و پێینایە ئاگربەستێکی لەرزۆکەوە، خۆی بەرئەنجامی بنبەست وبێئاکامی ترەمپ ودەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکایە لەگەیشتن بەئامانجە راگەیەندراوەکانیان. بەواتایەکیتر حساباتێک کە ترەمپ وئیدارەکەی کردبویان ئەوەبوو کە ئەمریکا لەڕیگای بۆردومانێکی چڕی چەند ڕۆژەی هاوبەش لەگەڵ ئیسرائیلدا،

⇦

بەکوشتنی سەرانی کۆماری ئیسلامی، دەتوانێ ڕژێم تەسلیم بکات وەیا بەجۆرێک بگۆڕێت کەمل بەخواستەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بدات. بەلام ئەم حیساباتە نەک وادەرنەچوو بگرە خودی درێژەکێشانی جەنگو بۆردومانەکان کۆمەلە فاکتۆرێکی بەدوای خۆیدا هێنا کە سیاسەتە شەرخوازەکانی ترەمپی لەقاودا و ناچاری کرد بە ئاگربەستێکی کاتی. واتە ئاگربەست کاتێک بوە بریارێکی ناچاری بۆ ترەمپ کەهێرش وبۆردومانەکان بەپێی ڕاگەیاندنەکانی خودی ئیسرائیل و ئەمریکا، پێگەو بنکە سەربازیەکانی ئێران چ لەئاسمان وچ لەزەوی و دەریا نەما تێکی نەشکێنن، بەرادەیەک کە لەماوەی ١٥ ڕۆژی یەکەمدا زیاتر لە ٣٠هەزارجار پەلاماری ئێران دراوە، تەنانەت بەشی زۆری سەرکردە سیاسی و جەنگیەکانی ئێران کوژران، بەلام کۆماری ئیسلامی ئێران نەک هەر تەسلیم نەبوو، بەڵکو بەداخستنی گەروی هورمز و بۆردومانکردنی بنەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل لە ولاتانی تر، درێژەدانی جەنگەکەی لەلایەن ترەمپەوە خستە دۆخێکی بنبەست وسەختەوە. سەرهەڵدانی ناکۆکیە نیوخویەکانی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا، لەسەر ئەنجامە بەدەست نەهاتوەکان و مەسروفاتی جەنگ، نیگەرانی و دورکەوتنەوە لەناتۆ و هاوپەیمانانی ئەوروپایی، تێکچونی باری ئەمنی ولاتانی کەنداو، بەستنی بازاڕی وزەو بازرگانی، هاتنەمەیدانی ملیۆنی نارەزایەتیە جەماوەریەکان بەدژی جەنگ لەناوخۆی ئەمریکاو.. هەموو ئەمانە ڕاگرتنێکی کاتی و ئاگربەستی جەنگەکەی بەسەر ترەمپدا کردە بریارێکی ناچاری.

وەک بەرئەنجامێک لەم قسانە دەمەوێت تەئکید لەو ڕاستیە بکەمەوە کە چ بریاری جەنگ خۆی و چ ئاگربەستەکەی، لەبنەڕەتەوە بەرهەمی میلیتاریزم وملهوری ئەمریکاو سیاسەتی جەنگخوازانەی ترامپ وئیدارەکەیەتی، لەدژی خەلکی جیهان و ناوچەکە بەگشتی و خەلکی ئێران و خەباتەکەیان بەروی کۆماری ئیسلامیدا بەتایبەتی، هەربۆیە خواستی ڕاوەستانی دەستبەجێ وبێمەرجی ئەم جەنگە، بۆتە یەکێک لەپیداویستییەکانی خەباتی چینایەتی وئەنتەرناسیونالیستی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان، لەئاستی جیهان و ناوچەکەدا.

**ئۆکتۆبەر: بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە ئەمریکا لەم شەڕەدا شکستی هێناوەو بگرە ئەم بۆچوونە لەناو هەندێ ناوەندی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی ئەمریکادا دەخرێتەڕوو. ئایا بەڕاستی ئەمریکا شکستی هێناوەو ئێران سەرکەوتنی بەدەستهێناوە؟ ئەم لێکدانەوەیش لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاوە کە ئێران توانیویەتی بەرگری بکات و خۆی لەبەردەم بەهێزترین و تازەترین چەک و هێرشی ئەمریکاو ئیسرائیلدا ڕابگرێ و لەوەش زیاتر بەشێک لە بنکەکانی ئەمریکاو لەناوچەکەدا وێرانکردوە! ئایا ئەم مەسەلەیە تا چەندە ڕاستی تێدایە و پێوانەی سەرکەوتن و شکست لەم شەڕەدا بەلای ئێوەوە چیە؟**

خەسرەو سایە: لەپێشدا ئەوە بڵێم کە خودی پرسیارکردن لەسەرئەوەی کەکێ سەرکەوتوەو کێ شکستی خواردووە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو جەنگەی ئەمریکا بەسەر ئێران وناوچەکەدا سەپاندویەتی، نەک هەر ئەو ئامانجانەی کەترەمپ ڕایگەیاندووە، بەدینەهێناوە، بەڵکو لەبنبەستێکی ئەکیدا چەقیوە و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکای خستۆتە نێو زەلکاوێکەوە کەگەران بەشوێن دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ دەربازبون لێی، بۆتە بنەمایەک بۆ ئاگربەستەکەی ئێستا وتازەکردنەوەی. لەلایەکی ترەوە، باسی شکست و نەگەیشتن بەئامانجەکانی جەنگ، لەنیو ئەندامانی کۆنگرێس وسەرکردەکانی حکومەتی ئەمریکادا و ئەوەشی کە لە ڕۆژنامەکانی واشنتۆنگ پۆست و نیورک تایمەزەوە، ڕۆژانە ئاشکرادەکرێ، دیسانەوە ئاماژەن بۆ شکستی ئەو سیاسەتەی کەجەنگ لەدرێژەیەدا سەری هەڵداوە.

ئەمریکاو ئیسرائیل سەرەرای زەربەیەک کە لەتوانا سەربازیەکانی ئێرانیان داو توانیان ژمارەیەک لەسەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی بکوژن وکاولکاریەک ئەنجامبدەن، بەلام ئەگەر ئەو خالانەی کە ترەمپ و ناتانیاهۆ وەک ئامانج لەشەرەکە رایان گەیاندووە، بکەین بەپێوانە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئەمریکاو ئیسرائیل لەم شەرەدا سەرکەوتونەبون و لەگەڵ شکست بەرەوروبونەتەوە. ئەوەی کە بریابوو بۆردومانەکان لەچەند ڕۆژێکی کەمدا "گۆرانکاری لەرژێمی ئێران"، وتەسلیمبوون بەخواستەکانی ئەمریکا ئیسرائیل بەدیبهێنێ، ئەوەی کە چەکی ئەتۆمی و مووشەکی بالیستی لەناوببرێت، ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەست لەهاوکاری گروپەکانی مقاوەمەت ودەخەڵەتگەری لەناوچەکەدا بکێشێتەوە، هێچیان نەک هەر بەدی نەهاتوون، بەڵکو جەنگ لەدرێژەی ٤٠ ڕۆژەی خۆیدا، لەسەرکار مانەوەی کۆماری ئیسلامی و توانا سەربازیەکانی لەهێرشەبردنە سەر ئیسرائیلدا نەمایەوەو تەقریبەن بۆ ئاستی سەرجەم ناوەند و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەرینتر بویەوەو زیانێکی زۆریشی پێگەیاندن. لەمانەش زیاتر بەداخستنی گەروی هورمز ئابووری جیهانی و بازاڕی بۆرسەی رووبەرووی کێشەی جددی کردەوە، ئەمە وێرای هەڵکشانی مەسروفاتی ڕۆژانەی جەنگ وناکۆکی و نارەزایەتیە ناوخۆییەکان لەحکومەتەکەی ترەمپ، لەئاستی کۆمەلگای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا.. بەگشتی ئەمریکاو جەنگەکەی خستنە حاڵەتێکی بنبەست و چەقبەستوویی واوە کە ناچاربێت بەبریاردان لەئاگربەست وراگرتنی جەنگەکە، هەرچەندە کاتیش بێت. ئەمانە ئیتر شکستێکی گەورەی ئەمریکا

لەم جەنگەدا دەسەلمێنێ وهەموو ئەو پروپاگەندانە بەدرۆدەخاتەوە سەبارەت بە"عەزەمەتی سەربازی وجەنگی ئەمریکا" وملهورێ و دەسەڵاتخوازیەک کەبانگەشەی بۆدەکات. بێگومان ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە ئیران زەربەی نەخواردبێت و بێ زیان لەشەڕەکەدا مابێت، بەڵام ئەوەی سەرکەوتنە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەیە کە هەم خۆی لەبەرامبەر هەڕەشەو پەلامارەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلدا راگرتووە هەم توانیویەتی نارەزایەتیەکانی ناوخۆ سەرکوت بکاو لەپاشەکشەکردندا ڕای بگرێ ومەترسی روخان لەسەرخۆی دوربخاتەوە. بەکورتی ئەگەر بڵێم تا ئێستا ئەوەی کەتێچووی شەڕەکە تادێت قورساییەکی زەبەلاحی بودجەو ئیمکاناتی بەدواوە بوە ودەبێت، ئەوەی کەئەم جەنگە تاهاتوە ئەمریکای راکێشاوەتە نیو گێژاوێکی سیاسی و پڕلەناکۆکیەوە ولەئاست هاوپەیمانە دەرەکی و ناوچەییەکانیدا وتەنانەت لەناوخۆی ئەمریکادا، لەگەڵ تەنگانەو کێشەدا بەرەوڕووی کردۆتەوە، مەسەلەی دەرچون لەم جەنگەو دۆزینەوەی ڕیگای ڕزگاربون لەم شکستەو گۆڕینی بۆ "سەرکەوتنێکی ئابرومەندانە"، بۆتە خەیاڵ و خۆاستێکی بنەرەتی ترەمپ وئیدارەکەی.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەرچی بانگەشەی ئاشکرای ترامپ پرسی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و هێزە پرۆکسیەکانی لەناوچەکەداو مووشەکی بالیستی بوو، بەڵام ئێستا زیاتر مەرجەکانی ئەمریکا لەسەر کردنەوەی گەرووی هورمز و ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆمە بۆماوەی دوو دەیە؟ ئەم گۆرانکاریە لە داواکاری و مەرجەکانی ئەمریکا بۆ رێکەوتن چ مانایەک دەگەیەنێ؟**

خەسرەو سایە: ئەو گۆڕانکاریەی کەلە داواکانی ترمپدا سەری هەڵداوە، لەلایەک بەرئەنجامی وەدینەهاتنی ئەو ئامانجانە وشکستی ئەمریکایە لەجەنگەکەدا ولەلایەکی تریشەوە، خودی درێژەکێشانی جەنگ مەسەلە سەرەکیەکانی نیوان هەردولای شەڕەکەی گۆڕیوە. بەتایبەتی دوای کۆنترۆڵکردنی گەروی هورمز لەلایەن ئێرانەوە، جەنگەکە بوعدێکی ئابوری وبازرگانی جیهانی بەخۆیەوەگرت، و ئیتر مەسەلەی "ڕژێم چەینج وتەسلیمبوونی ئیران" چووە دواوە وبڕیاری ئاگربەستە هاتەئاراوە. وەک لەقسەکانی پێشتردا ئاماژەم پێدا کە سەرەڕای هەموو ئەو هێرشە بەربلاوەی ئەمریکا وئیسرائیل بۆسەر ئیران وڕاگەیەندنی ئەوەی کەتەواوی توانا سەربەزایەکانی ئیران لەبار براوە، سەرەڕای کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرەرای هاندنانی هێزە کوردیەکان بۆ بەشداری لە جەنگ و چەندیدن تاکتیکی تر، بەلام بەهەموو ئەمانەوە دەرکەوت کەئێران لەم ڕێگایانەوە نەدەڕوخێ ونەتەسلیم دەبێت. ئەم واقعیەتەش هەموو ئەوحساباتەی ترامپی برد بەئاسماندا و ناچاربووە بەوەی کەڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ خۆدەربازکردن لەشەڕەکە، بۆئەمەش گۆڕانکاری وکەمکردنەوەی سەقفی داخوازیەکان ڕێگایەکیەتی، خودی ئەوەی کە لەئیستا گەروی هورمز داخراوە وئەو دۆخەی بەدوایدا هاتوە بۆتە گرێیەکی گەورە لەنیوان ئەمریکاو ئێراندا بۆیە کرانەوەو دۆزینەوەی ڕیگەیەکی ڕیکەوتن لەسەر بەڕیوەبردنی، بۆتە داخوازی وئەولەویاتیکی سەرەکی لە دانوسانەکاندا. بەڵام لەبارەی چەکی ئەتۆمی و بالستیەوە، بەبڕوای من بابەتەکە جیاوازی هەیە، ئەمەش بەومانایەی کە ترەمپ دەیەوێت وەک خاڵیکی سەرکەوتن و دەستکەوتێک بۆ کۆتاییهێنان بەجەنگەکە بەکاری بەرێت. لەمەشدا، ناوخۆی ئەمەریکا و هێزە نەیارەکانیەتی تا دەستکۆتاکردنی ئێران لەچەکی ئەتۆمی. بەدیاریکراوی ترەمپ دەیەوێت بەهێنانەگۆڕی ڕیکەوتنێکی تازە لەگەڵ ئێراندا لەسەر چەکی ئەتۆمی لەلایەک ئەو ڕیکەوتنەی کە لەسەردەمی ئۆبامادا دیموکراتەکان بەستیان بەیەکجاری بخاتە لاوە وبیکاتە دەستکەوتێک بۆخۆی، وە لەلایەکیترەوە، ڕۆڵی ولاتانی ئەوروپا لە چارەسەری کێشەی ئەتۆمی ئێراندا، کە هەمیشە وەک تەرەفێک ئامادەیی هەبووە، کۆتایی پێبهێنی و ئەمریکا یەکتەرەفە لەپەیوەندی لەگەڵ ئیراندا لەسەر چەکی ئەتۆمی ڕابگرێت.

**ئۆکتۆبەر: دانوسانەکانی ئیسلام ئاباد نەچووە قۆناغی دوهەمی خۆیەوە، تەنانەت هیچ یەک لەوەفدی ئەمریکاو ئێران ئامادەی کۆبونەوەکان نەبون و ترەمپیش وەک ئەوەی رایگەیاند کە لەسەر داوای پاکستان ماوەی ئاگربەستەکەی بەکراوەیی درێژکردەوە. هەروەها هۆکاری ئەم درێژکردنەوەیەشی بۆئەوە گەراندەوە تا فرسەتێک بە ئیرانیەکان بدات ڕیکبکەون وناکۆکیەکانی خۆیان لەسەر خالەکانی دانوسانەکان یەکلایی بکەنەوە.. تاچەند ئەم قسانەی ترەمپ ڕاستن؟ هۆکار چیبوو کە وەفدی ئێران لەکۆبونەوەکەدا بەشداریان نەکرد؟**

خەسرەو سایە: بەبڕوای من هەموو ئەو قسانەی ترەمپ نەک هەر ناراستن، بەڵکو زیاتر بەشێکە لەپڕوپاگەندەی جەنگی و بۆ داپۆشینی بنبەست و شکستێکە کە تێیکەوتوە، بەتایبەتیش بۆ دڵنەوایيکردنی ناوخۆی ئەمریکایە، ئەگینا ئەوە ڕۆشنە کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، هەڵگری دەستەبەندی و ناکۆکی و کیشمەکێشی باڵە ناوخۆیەکانی خۆیەتی وهەرجارەو لەسەر ئەو بابەتانەی دێنە پێشەوە چالاک دەبنەوە. بەڵام ئەوەی کەکۆماری ئیسلامی لەمێژووی خۆیدا یەکدەست کردووە، ڕاوەستانەوەیە بەرامبەر ئەمریکاو ئیسرائیل و ئەم هەڵویستە هاوبەشەی باڵە ناوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی خۆی بەشێکە لەناسنامەی جدی ئەم ڕژێمە. بۆیە

ئەوەی ترەمپ دەیلێت راستی تێدانیە وبەشداری نەکردنی وەفدی ئێران لەجەولەی دووەمی دانوسانەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی ئێران لە مەوقعی ئەمریکا لەجەنگەکەدا و ئەو تاکتیکانەی لەسەردەمی ئاگربەستەکەدا گرتویەتیەبەر. واتە ئێران دەزانێ کەئەمریکا کارتە فشارەکانی لەوە زیاتر نابێت کەدەستی بۆبردووە وهێشتا دەتوانێ خۆی رابگرێ. ئەگەر سەرنج بدەین ئەو هەرایەی کە هەرلە یەکەم کاتژمێرەکانی راگەیاندنی ئاگربەستەوە، لەپەیوەند بەمەسەلەی ئەوەوە کە ئایا راگرتنی شەر لەلوبنان شاملی ئاگربەستەکەیە یان نا؟ ئیسرائیل زۆر هەوڵیدا درێژە بەشەر لەلوبنان بدات، بەلام کاتێک وەفدی ئێران رایگەیاند کەئەگەر لوبنان دەرکرێت لەمەرجەکانی ئاگربەست ئەوا ئەوان دەکشێنەوە. ئەم هەلویستەی ئێران دوای دەخالەتی پاکستان، سەرەنجام فەرزکراو ترمپ بەخشکەیی ملی پێدا، ئەمە نمونەیەکە لەتێگەیشتن و خوێندنەوەی ئێران بۆ پێگەی ئەمریکا لەجەنگەکەدا. ئەوەشی کە لەجەولەی دووەمدا بەشداریان نەکرد پەیوەندی بەبڕیاری گەمارۆی کەشتیەکانی ئێرانەوەیە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە. واتە ئەمریکا لەهەوڵدایە بەگەمارۆخستنە سەر کەشتیەکانی ئێران خالێک بۆ دانوسانەکان زیاد بکات وناچاری بکات بەرازی بون بەوەی گەروی هورمز بکاتەوە لەبری هەلگرتنی ئەم گەمارۆیە. بەلام ئێران لەم تاکتیکە تێگەیشت و ملی پێنەداو نەچووە گەڕی دووەمی دانیشتنەکانەوە.

**ئۆکتۆبەر: ئێستا هەرچۆنێک بێت شەر لەسەر بنەمای ئاگربەستێک راوەستاوە، ئێوە ئایندەی ئەم دانوسان وئاگربەستە چۆن دەبینن و تاچەند هەردولا ویستی ریکەوتن وئاشتیان لەناوچەکەدا هەیە ؟ پاش جەنگێکی ٤٠ ڕۆژە داهاتوی جیهان و ناوچەکە چۆن دەبینن، ئایا ئەگەری سەرهەلدانەوەی جەنگ لەئارادایە ؟**

خەسرەو سایە: لەروانگەی ژیان و سەلامەتی خەڵکی ئێران و ناوچەکەوە، ئەوەی کە شەر هەرچۆنێک بێت راوەستاوە، یەک دەستکەوتە. واتە هەرچۆنێک بێت خەلک هەناسەیەک بداو لەو کوشتارو کاولکاریە و لە ئاسەوارەکانی جەنگ دورکەوێتەوە، خاڵێکی ئەرێنیە. بەڵام بێگومان ئەوەش مەعلومە کە ئەو ئاگربەستەی لەئارادایە هەروەک چۆن ئەمریکاو ئیسرائیل جەنگیان سەپاند، ئاواش لەژێر سێبەری هەرەشەو شمشیر راکێشاندا سەپاندویانە و بەشێوازە بێپرەنسیپیەکانی ترەمپ و لەدەرەوەی ئەتەکیەتی دیبلۆماسی بەرێوەدەچێت. هەربۆیە ئەم ئاگربەستە لەفەزای سیاسی و کێشمەکێشە جیهانی و ناوچەییەکاندا یەکجار لەرزۆکەو ناتوانێ ببیتە بنەمای "ئاشتیەکی پایەدار" و "ریکەوتنێکی قانونی" وبەردەوام. بەلام پێمولیە هەردولای جەنگەکە، واتە هەم ئەمریکاو ئیسرائیل وهەم ئێران، پیویستیان بە ئاگربەست هەیە، هەردولا بەوە گەیشتون کە جەنگ قورساییەکی گەورەی لەسەر داناون و هەردولایان لەبەردەم لێکەوتنەکانی درێژەدان بەجەنگەکە زەرەرمەندی گەورەدەبن، بۆیە هەوڵدەدەن هەرچۆنێک بێت بەوەرگرتنی ئیمتیازات و دەستکەوتێک لەیەکتر و وانیشان بدەن کە سەرکەوتوون و دەستکەوتیان لەشەرەکەدا بەدەست هێناوە. بۆیە پیدەچێت دانوسانەکان و ئاگربەست لەحالەتی" نەشەر نەئاشتیدا" درێژە بکێشێت تا هەردولا دەگەن بەئیمتیازاتێک کەوەک دەستکەوت بۆخۆی ناوزەدی بکات. بەدڵنیاییەوە لەحالەتێکی ئاوادا ئەگەری هەڵگیرسانەوەی خولێکیتری جەنگەکە لەئارادا دەمێنێتەوە. بەتایبەتی جەنگ بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا، یەک زەرورەتی بنیادیە بۆ گەیشتن بەئامانجەکان ویەکلاییکردنەوەی کێشمەکێشە سیاسی وئابوری و سەربازیە جیهانی وناوچەییەکان، ئەمەش لەدۆخێکدا کە دونیا لەنێو گێژاوی شەرو بەریەککەوتنی جەمسەرە ئیمپریالیستی وناوچەییەکاندا، لەسەر دوبارە سازدانەوەی دونیای سەرمایەداری ودابوشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز راگیراوە. خودی راکێشانی هەموو ئەو هیزە دەریایی و ئاسمانیەی ئەمریکا بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست، بێمەبەست نیە وتا ناتانیاهۆ وترەمپ لەسەر کار بن و هەژمونیان بەسەر دۆخی ناوچەکەوە هەبێت بەدڵناییەوە ئەگەری سەرهەلدانی جەنگ یەک واقعیەتە.

لەدوا وتەدا دەمەوێت بلێم کە جەنگی ٤٠ رۆژەی ئەمریکاو ئیسرائیل لەدژی خەلکی ئێران رووداوێکی یەکجار گەورەی جیهانیە وبەکردەوە روخساری جیهان دەگۆڕێ وکاریگەری راستەوخۆ لەسەر هێزەکان وپێگەی دەولەتان وسەراپای بلۆکبەندیە سیاسی وئابوری سەربازیەکان دادەنێ، تەنانەت رێگا دەکاتەوە بۆ سەرهەلدانی نەزمێکیتر لەرێکخستنەوەی جیهان و رۆژهەلاتی ناوەراست. بەدڵناییەوە دۆخێکی ئاواش رەوتی خەباتی چینایەتی و شۆرشی کریکاری دەخاتە هەلومەرجێکی تازەوەو لەگەڵ بەربەست و رەوت ومەیلی جیاجیای بۆرژوازی بەرەورودەکاتەوە.

بەبروای من راوەستان لەکەنار چینی کرێکاری ئێران وپشتیوانیکردن لەخەباتی خەلکی زەحمەتکێش بۆ روخانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەچوارچیوەی توندکردن وفراوانکردنەوەی خەباتێکی هەمەلایەنەو جیهانیەوە بۆ کۆتایی هێنانی فەوری وبێمەرجی ئەم جەنگە، نەک هەر ئەرکێکی ئەنتەرناسیونالیستیە، بەڵکو دەتوانی سەرەتای هاتنەمەیدانی کۆمۆنیزم و کریکاران بێت، بۆ دەربازکردنی چارەنوسی کۆمەلگای بەشەری لەچنگی سەرمایەداری و میلیتاریزم و جەنگخوازیەکەی...

★

# پەیامی ئایاری ئەمساڵ، وەستانەوەیە بەرامبەر جەنگی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران!

جیهان بە دۆخێکی سەختی سیاسی و ئابوری و نائارامیدا تێپەردەبێت و فەزای جەنگ و میلیتاریزم لە هەموو گۆشە و کەنارێکی جیهانەوە سایەی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کردووە. هێز و جەمسەرە ئیمپریالیستیەکان بە ئامانجی دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی کەرەستە خاوەکان و مۆنۆپۆڵکردنی بازاڕی کار و کاڵا، لە کێشمەکێشێکی توند و مەترسیداردان. هێشتا شەڕی ئۆکرانیا کۆتایی پێنەهاتووە، دیسانەوە شەڕێکی دیکەی وێرانکەر بەرۆکی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرتوە و ئەمریکا و ئیسرائیل بەبێ حسابکردن بۆ هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتی و بەشێوەی چەتەگەری شەڕێکیان لە بەرامبەر ئێراندا هەڵگیرساندووە. هەڕەشەی کاولکاری لە تەواوی ناوچەکە دەکەن و تائێستا هەزاران کەسی مەدەنییان لە ئێران کوشتوە، دەیان ناوەندی پیشەسازییان کاولکردوە کە سەدان کرێکار تێیدا گیانیان لەدەستداوە، یان بریندار و پەککەوتە بوون. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، کە ئەم شەڕە بە هەڕەشە لەسەر مانەوەی خۆی دەزانێ، سڵ ناکاتەوە لە وێرانکاری و ڕاکێشانی ناوچەکە بۆ شەڕێکی سەراپاگیر.

ئامانجی ئەم جەنگە وێرانکاریە، ئەگەرچی بەڕواڵەت بەرامبەر بە ڕژێمی ئیسلامیە و بیانووەکەیان ئەوەیە کە ئێران توانای چەکی ئەتۆمی هەیە بەڵام لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی و ڕاستەقینەی ئەم شەڕە، تەسلیمکردنی ئێرانە بە ئەجێندای سیاسی ئەمریکا و لەڕێگای ئەوەشەوە، وەستانەوەیە بەرامبەر چین و ڕوسیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دەنا ئەگەر ڕژێمی ئیسلامی خەتەرناکە، ئەوا ئیسرائیل سەدجار لەو ڕژێمە خەتەرناکترە کە بە دانپێدانانی نەتەوە یەکگرتوەکان و دادگای دادی نێودەوڵەتی و زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ...، دەیان هەزار هاوڵاتی مەدەنی فەلەستینی جینۆساید کردووە کە لەناویاندا هەزاران مناڵ و ژن هەن! ئەم ڕژێمە مناڵکوژە ئاپارتایدە کە هەرئێستا یاسایەکی پەسەندکردوە بۆ لەسێدارەدانی زیندانیە فەلەستینیەکان، خاوەنی چەکی ئەتۆمیە و ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاواییش پشتیوانی دەکەن.

ئەمریکا کە گوایە لەڕێگای لەناوبردنی توانای ئەتۆمی و موشەکی ئێرانەوە خەڵکی جیهان لە شەڕی ڕژێمی تیرۆریستی وەکو ئێران دەپارێزێت، خۆی تەنها دەوڵەتە کە چەکی ئەتۆمی دژی خەڵکی مەدەنی لە یابان بەکارهێناوە! دەیان شەڕی لە جیهاندا بەرپاکردووە و ملیۆنها مرۆڤی لە ڤێتنام و کەمبۆدیا و کوریا و باقی وڵاتانی جنوبی ئاسیا، لە ئەفغانستان، لە عێراق، لە سوریا، یەمەن و ئێران کۆمەڵکوژ کردووە. هەرئێستا دۆناڵد ترامپ وەکو سەرۆکی شەقاوەکان هەڕەشەی پەلاماردانی کوبا دەکات دوای ئێران! ئایا کوبا خاوەنی چەکی ئەتۆمی و موشەکی بالیستیە!؟ ئایا کوبا یەک شەڕ و یەک کردەوەی تیرۆریستی لە هیچ جێگایەکی دنیا ئەنجامداوە!؟

ئەم شەڕەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپاکراوە، تەنها وێرانکاری و نائارامی و پشێوی بۆ ناوچەکە نەهێناوە، بەڵکو بووەتە هۆی کارەسات بۆ سەرجەم چینی کرێکار و جەماوەری کەمدەرامەت لە سەر ئاستی ئەوروپا و جیهان بەشێوەیەکی گشتی. گرانبوونی نرخی پێداویستیە زۆر سەرەتاییەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان بەشێوەیەکی ڕۆکێتی و شکاندنەوەی ئەو قەیرانە، سەرباری قەیرانە بەردەوامە ئابوریەکانی پێشووتر، بەسەر شانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش و کەمدەرامەتدا لەلایەن دەوڵەتانی بۆرژوازیەوە لە ئەوروپا و ئەمریکا و سەراسەری دنیادا، ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی بەرەو دۆخێکی زۆر خراپ پاڵپێوەناوە. لەپاڵ ئەو قەیرانە کەمەرشکێنەدا دەوڵەتانی بۆرژوازی لەسەر حسابی کەمکردنەوە و بڕینی بیمە و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتی و گشتیەکان، بودجەی زەبەلاح بۆ خۆپڕچەککردن و تەکنۆلۆژیای سەربازی تەرخان دەکەن و دۆخێکی میلیتاریستی و جەنگییان بەسەر خەڵکدا سەپاندوە و بانگەشەی ئامادەسازی بۆ جەنگێکی چاوەڕوانکراو دەکەن!

چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر تارمایی جەنگێکی کاولکاریدا بەبارمتە گیراون! پڕیشکی ئەم جەنگ و فەزای جەنگە عێراق و کوردستانی عێراقیشی گرتوەتەوە و نائارامی و ترس و دڵەڕاوکێ باڵی بەسەر خەڵکی عێراق و کوردستاندا کێشاوە بەهۆی هێرشی موشەک و درۆن و مەترسی کێشبوون بۆ ناو جەنگەکە. دۆخی ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، کە خۆی پێش لەم جەنگە لەخراپترین ئاستیدا بوو، چەند ئەوەندەی دیکە خراپتر بووە. گرانی و نەمان و دەستنەکەوتنی پێداویستیە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانە و بەرینبوونەوەی بێکاری و هەژاری هەڕەشە لە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان دەکات. لەم فەزای جەنگی و نائارامیەدا نارەزایەتیەکانی جەماوەری کرێکار و بێبەش و خەباتیان بۆ هاتنەدی داخوازی و داواکاریەکانیان بۆ دابینبوونی ژیان و باشبژێوی، بووە بەژێر پێی جانەوەرانی جەنگەوە. دەسەڵاتدارانی کوردستانیش هیچ جۆرە بەرپرسیارێتیەک بەرامبەر بە

# شاکر ئەلناصری لە نێوماندا نەما!



دوای تێکۆشانێکی درێژ و دژوار لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، هاوڕێی خۆشەویست شاکر ئەلناصری، کە لە ناوماندا بە ناوی "فهد ناصر" ناسراو بوو، چەند کاتژمێرێک پێش ئێستا لە نێوماندا نەما. بە کۆچی ئەو، بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری وە بانگەوازکارانی ئازادی و یەکسانی یەکێک لە هەڵسوراو و کەسایەتییە گرنگەکانی خۆی لەدەست دا.

هاوڕێی خۆشەویست شاکر ئەلناصری لە ناو خێزانێکی زەحمەتکێش گەورە بوو وە ژیانی هەر لە سەرەتاوە پڕ بوو لە زەحمەت و هەوڵدان، لەناو خێزانێکدا کە بەهای مرۆیی و یەکسانیخوازی سایەی کردبوو. زۆر زوو لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بە هەڵسورانی کۆمۆنیستی تێکەڵاو بوو، لە ناوەڕاستی هەشتاکان ئەندامی ڕابەرایەتی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی "بزوتنەوەی ڕزگاری کۆمۆنیستی" بوو، پاشان "بزوتنەوەی خەباتی کۆمۆنیستی" لە سەرەتای نەوەدەکان، و یەکێک لە دامەزرێنەرانیشی بوو. دواتر یەکێک بوو لە کادری پێشەنگ کە بە شێوەیەکی جیدی بەشدار بوو لە پرۆسەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ساڵی ١٩٩٣.

دوای ئەو پەلامارانەی کە ڕێکخراوەکانی حیزب لە شاری ناصریە لە ساڵی ١٩٩٥ تووشی هات، بەهۆی چالاکییەکی فراوانی نووسین لەسەر دیوارەکان دژ بە ڕاپرسی سەرۆکی ڕێژیمی بەعسی سەدام حوسێن، بەرەو کوردستان هەڵهات و لەوێ زۆرینەی بەرپرسیارییە حیزبی و کۆمەڵایەتییەکانی گرتە ئەستۆ. بۆ ساڵانێک ئەندامی لیژنەی ڕێکخراوەکانی ناوەند و باشوور بوو، و ئەندامی دەستەی بەشی عەرەبی لە ڕادیۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، وە سەرپەرشتیاری گۆڤاری "النضال الشيوعي"، هەروەها سەرۆکی یەکێتی گشتی ئاوارەکان لە کوردستانی عێراق بوو. لەگەڵ هەندێک هاوڕێی تر لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ دەستگیر کرا، بەهۆی بەرگریکردنی لە مافەکانی ئاوارەکان.

دواتر کوردستانی جێهێشت و پەیوەندی کرد بە ڕێکخراوەکانی حیزب لە تورکیا و پاشان ڕێکخراوی دەرەوە لە دانیمارک. دوای جێهێشتنی ڕیزەکانی حیزب، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ حیزب و هاوڕێکانی پاراست وە هەتا کۆتایی ڕۆژەکانی نزیک بوو لێیان.

شاکر الناصري یەکێک بوو لە گەورەترین دڵسۆزەکان بۆ کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی، و یەکێک لە ماندوونەناسترین کەسی بەرگریکەر لە هەموو بەها مرۆیی و پێشکەوتنخوازەکان. هاوڕێیەکمان لەدەست دا کە بەرزترین ئاستی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و دڵسۆزی و فیداکاری و دڵپاکی و هەستێکی بەرزی مرۆیی هەبوو، هاوڕێیەک کە ماندوونەناسانەو بەردەوام بەرگری دەکرد لە چینی کرێکار و بێبەشان وە دژی زۆرداری وبێمافی بوو. ئەو هەمیشە سەرچاوەی هیوابوو بۆ هەر کەسێک کە نزیک بوو لێی.

لێرەدا سەرخۆشی خۆمان دەردەبڕین بۆ هاوسەرە خۆشەویستەکەی، ئیبتیهال حسين لفتة، و منداڵە ئازیزەکانی ديار و طەيف، و براکەی جبار و سەرجەم کەسوکاری و هاوڕێ و دۆستان و خۆشەویستانی. شاکر ئەلناصری لە نێوماندا نەما، بەڵام لە ژیان و خەباتماندا هەروەها لە ناو ئامانج و هیواکانی ملیۆنان کرێکار و زەحمەتکێشدا دەمێنێتەوە...

بەرز و بەرێز بێت یادی شاکر ئەلناصری!

بژی ئازادی و یەکسانی

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٢ نیسان-ئەپرێل ٢٠٢٦**

---

دۆخی ژیانی خەڵک نیشان نادەن و بگرە دۆخی شەڕیان وەکو دەرفەتێک بۆ گیرفانپڕکردنی خۆیان و ڕوتاندنەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش قۆستۆتەوە.

بەرامبەر بەم دۆخە خەتەرناکەی ناوچەکە و عێراق و کوردستان، کە چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش یەکەم قوربانیەکانین و دەبن، تەنها ڕێگایەک ماوەتەوە ئەویش وەستانەوەیە بەرامبەر بە جەنگ و فەزای جەنگ و ئاکامە زیانبارەکانی. کرێکارانی کوردستان و سەرجەم هێز و لایەنە کرێکاری و کۆمۆنیست و ئازادیخواز و ئینساندۆستەکان دەبێ لێبڕاوانە دژی شەڕ و هەوڵەکانی ڕاکێشانی کوردستان بۆ ناو جەنگەکە و لێکەوتەکانی لە بابەتی گرانی و ئاوارەیی و نائارامکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی بوەستنەوە. با ئاپاری ئەمساڵ بکەینە ڕۆژی ڕاگەیاندنی پەیامی چینەکەمان بۆ کۆتاییهێنانی دەستبەجێی جەنگ و چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە!

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**نیسانی ٢٠٢٦**

# یەکی ئایار و تایبەتمەندی و خواستەکانی چینی کرێکاریی کوردستان

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

یەکی ئایار بۆ چینی کرێکار، ڕەمزی بەرەنگاربوونەوەی چینی کریکاری جیهانییە بەدژی نیزامی هارو چاوچنۆکی سەرمایەداری. ڕۆژی نەفرەت و ڕەتکردنەوەی چەوساندنەوە و بێمافی و هاوکات هێمای هاوپشتی و هاوچارەنووسی و ڕەتکردنەوەی ناسنامە قەومی و دینی و جیاوازی ڕەگەزییە. هێمای خستنەرووی تواناییەکانی چینی کریکارە بەرووی هەلومەجی و باو و کەمایەتیەک کە پاوانی نان و ئازادی و ژیان و گوزەرانی چینی کرێکارییان کردووەو بۆ پاراستنی ئەم پێگەو هەڵاواردنە چینایەتیەش... جەنگ و میلیتاریزم و کۆنەپەرستی و فاشیزم و ڕاسیزم و دنەدانی قەومی و دینی و ڕەنگی پێست و بێمافی و سەرکوتی بەردەوام و وەستانەوە بەرووی کاری ڕیکخراودا، تایبەتمەندی ئەم نیزامەیە.

بۆرژوازی لە بەرگی عەسکەرتاریەت و حکومەتی پۆلیسی و دیکتاتۆریدا بێت، یان ئیسلامی و قەومی و لیبرالیزم و لیبرالیزمی نوێ و دیموکراسی و دەسەڵاتی میلیشاییدا، خاوەنی تایبەتمەندییەکی هاوبەشە، کە کەڵەکەی سەرمایەیە لەسەر بنەمای دزینی دەسترەنج و ماندووبونی چینی کرێکار. بۆ چینی کرێکاریش بە هەمان شێوە لە هەر جێگاو گۆشەیەکی دنیا بێت، وەستانەوە بەرووی ئەم دزی و چاوچنۆکییەی سەرمایەدا، تایبەتمەندی و خاڵی هاوبەشی چینی کریکارە.

بەجیا لەو تایبەتمەندییە گشتیانە بۆ چینی کریکاریی جیهانی، هاوکات چینی کریکاری هەر وڵات و دەوڵەتێک لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی ئەو نیزامەش ڕووبەڕوەو بەجیا لەخواستە هاوبەشەکان، خواستی تایبەت بەخۆیشی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی هەرکام لەو وڵات و دەوڵەتانەیە.

چینی کرێکاری کوردستان، بەجیا لە داخوازییە گشتی و هاوبەشەکانی لەگەڵ هاوچارەنووسەکانی لە ئاستی نێونەتەوەییدا، خواستی تایبەتی خۆی هەیە. چینی کرێکاری کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتێکی تایبەتی بەرەو ڕووە، دەسەڵاتێک کە هێشتا کار بەیاساکانی رژێمی بەعس دەکات یانیش سەرچاوەی یاساکانی لە یاسای بەعس وەرگیراوە... چینی کریکاری کوردستان لە هەرێمێکدایە کە دابەشی دوو زۆن، کراوە... کار دەستکەوتن هیشتا پێویستی بە پسوڵە و پشتیوانی حزبە. ئازادی ڕێکخراوبوون بە کۆمەڵێک ڕێگری و ترساندن لە قاڵب دراوە و ڕێی لێگیراوە... هەر نارەزایەتی و مانگرتنێکی کرێکاری ڕووبەرووی سەختی و جیا لەوانەش مەترسی لەسەر کار دەرکردنی بەدواوەیە. ئەمنیەتی کار لاواز و شوێنی کار ناسالمە. باسێک لە بیمەی بێکاری و تەندروستی نییە، بەشێکی بەرین لە چینی کرێکار گرێبەستی هەمیشەییان نییە و هەمیشە لەبەردەم حەربەی بێکارکردندان. جیاوازی کاری ژنان و پیاوان، ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە. موچەی بەشێک لە ئوردوی چینی کرێکار دوادەخرێت و نادرێت. موچە بەشێوەی گشتی نزم و لە ئاست وەڵامدانەوە بە خواستە زۆر سەرەتاییەکانی چینی کریکاردا نییە، کرێکارانی هاتوو هەم ڕووبەرووی هەڵاواردن و هەم مووچەیان کەمتر و هاوکاتیش وەکو سەرچاوەی بێکاری بۆ کرێکارانی کوردستان لێیان دەڕواندرێت. هەموو ئەوانە دۆخی چینی کرێکارییان لەگەڵ سەختیەکی یەکجار زۆر ڕووبەڕووکردۆتەوە. ئەم واقعیەتە تاڵەش لەهەر ئایارێکدا چینی کرێکاریی روبەرووی داخوازی و ویستی تایبەتی کردۆتەوە.

چینی کریکار لە کوردستان لەم هەلومەرجەدا هەم ناچارە رووبەرووی دەسەڵاتی سیاسی ببێتەوە کەبەهۆی ناسنامەی حزبی و سیاسی درز دەخاتە ریزی کرێکارانەوە. هەم دەبێ رووبەرووی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و چەکداریی ببێتەوە لە جێگای حکومەتێکی سەراسەری و دامەزراوەییدا... کە ئەمانە لەزوربەی زۆری دنیادا ئاسەوارێکیان نەماوە. جیا لەوانە چینی کریکار لە کوردستان بەهۆی بێبەشی لە ڕیکخراوەی سەربەخۆی خۆی و یاساکارێکی پێشرەو، ناچارە، خواستی ئازادی ڕیکخراوبوون و یاسا کارێکی پیشرەو بکاتە داخوازی دەستبەجێ و لەگەڵ خواستی ئەمنیەتی شوێنی کار و زیادکردنی موچە و بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستەکان و بیمەی بێکاری بۆ کەسانی ئامادەبەکار لێک هەڵبپێکێ... لەم ساڵدا، بەجیا لەو خواستانە لەگەڵ هاوچینەکانی لە ئاستی دنیا و ناوچەکەدا رووبەڕووە لەگەڵ جەنگی ملهورانەی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆسەر ئیران، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر خەباتی چینی کریکار و هاوکات لەسەر ژیان و گوزەرانی داناوە و رۆژ بەرۆژ لێکەوتەو کاریگەرییەکانی ئەم جەنگە، گوشارەکانی بۆسەر چینی کرێکار زیاتر و زۆرتر دەکات، بۆیە خواستی دەستبەجێی ڕاگرتنی جەنگ و چوونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بۆتە خواستێکی دەستبەجێ.

بژی یەکی ئایار... رۆژی هاوپشتی نێونەتەوەی چینی کرێکار و رۆژی هێنانە مەیدانی داخوازییە سەرەکیەکان و بریاری داسەپاندنی بەسەر بۆرژوازی و کۆمپانیاکاندا...

★

# "یەکرێزی ناوماڵی کورد" دەستەواژەیە بۆ فریودانی خەڵک!

## نوری بەشیر

خەڵکی کوردستان زۆرجار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەستەواژەی ”یەکرێزی ناوماڵی کورد “دەبیستن، بەتایبەتی کاتێک حزبە ناسیۆنالستە کوردەکان، لەپێشیانەوە پارتی و یەکێتی، کە لەتەنگانە سیاسیایەکاندا دەکەونە بەرامبەر بەیەکەوەو سەنگەر لەیەک دەگرن و لەئاکامیشدا و لەژێر فشاری خەڵکدا باریان قورس و لاسەنگدەبێت. ئا لەم کاتانەدا ئەم دەستەواژەیە وەک "پەیامێکی کوردایەتی“ و "پیرۆزی نەتەوەیی"، لەزمانی کۆمەڵێک لەڕۆشنبیرانێکی ناسیونالیست و تەنانەت بەشێک لە بەرپرسانی دوو حزبی دەسەڵاتداریش،دەردەبڕدرێت تا هەڵە سیاسیەکان و تاوان و تەنانەت "خیانەتی" حزبەکان و تاقمی فەرمانڕاوەو بنەماڵەکانیان دابپۆشن و واپیشانبدەن کە قسەکەر هەرخۆی "دڵسۆزی کوردە" و ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان ڕیزی کوردیان تێکداوە "دڵسۆزی کورد نین" و کوردایەتیەکەیان کاڵە! لەم بارەیەوە بە پێویستی دەدەزانین بۆ ڕاستی دروستی ئەم قسانەمان وەک دوو نموونە ئاماژە بەدوو بابەت بدەین لە ئێستادا، کەئەوانیش بابەتی پۆستی سەرۆک کۆمار لە بەغداد و جێگۆڕکێی پاریزگاری کەرکووکە:

بێگومان هەموو کەس ئەوە دەزانێت کە یەکێتی و سەرۆکەکەی بەشێوەیەکی یەکلایەنە و بەبێ حساب بۆکردنی پارتی و تەنانەت وەک دژایەتیەکیش بۆی، لەبەرئەنجامی دۆخی جەنگ لەناوچەکەو کاردانەوەی لەسەر پێگەی هێزە عێراقی و کوردستانیەکان کە پاش لە ساڵ و نێوێک لەهەڵبژاردن نەیانتوانیوە کابینەی نوێیان پێکبهێنن!، توانی یەکلایەنە لەگەڵ لایەنە شیعەکان ڕێکبکەوێت و پۆستی سەرۆک کۆمار بۆخۆی یەکلابکاتەوە، پۆستێک کە پارتیش وەک "براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان" داوای دەکرد و مرخی خۆی لێخۆشکردبوو. لە کەرکووکیش، بەهەمان شێوە یەکێتی و بافڵ تاڵەبانی پاش ڕێکەوتنی ژێربەژێر و ئاشکرا لەگەڵ لایەنە عەرەبیە شیعی و سونی و تورکمانەکان، پارتی و کیتلەکەی لە پرۆسەکە کردە دەرەوە، بەبێ هیچ حساب بۆکردنێک پۆستی پارێزگاری کەرکوکی لە کوردێکەوە گۆڕی بۆ تورکمانێک و هەرئەمەشی ناولێنا "بەرژەوەندی کورد وادەخوازت"!!.

لەم دوو نمونەیەی باسکران ئەو خاڵەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە: چ سەرانی یەکیەتی و ئەو ڕۆشنبیرانەی لایەنگریان لە یەکێتی و سیاسەتەکانی لەپۆستی سەرۆک کۆمارو پاریزگاری کەرکوکدا دەکرد و چ سەرانی پارتی و قەڵەم بەدەستە لایەنگرەکانی ماڵی بارزانی کە دژبەری یەکێتین لە هەردوو سەرەوە باس باسی " بەرژەوەندیەکانی کوردو یەکڕیزی ماڵی کورد"ە. واتە یەکێتی و لایەنگرانی دەیانوت پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ یەکێتی باشە چونکە هەر ئەو دەتوانێت "بیخاتە خزمەتی مەسەلەی کوردەوەو کێشە نەتەوەییەکانی پێچارەسەر بکات لەگەڵ بەغدا"!!. لەسەر پۆستی پارێزگاری کەرکوکیش سەرۆکی یەکێتی بۆ پاساودانی سیاسەتەکەی باسی لەوە دەکرد کە "کەرکوک شاری ئاشتی و برایەتیەو ئەوەی کەکراوە لەبەرژەوەندی کورددایە". لەبەرامبەریشدا پارتی و لایەنگرانی سەری زمان و بنی زمانیان، "تێکچونی یەکڕیزی ماڵی کوردو سپاردنی شاری کەرکوکە بە دوژمانی و کۆمەڵێک پڕوپاگەندەی قەومی و کینەتۆزی.. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کەئایا مەبەست چیە لە ”بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان“ و دەستەواژەی ”یەکخستنی ناوماڵی کورد“؟ ئایا مەبەستەکە مانای پاراستنی بەرژەوەندی حزبەکان خۆیان و پاراستنی پێگەیانە لە دەسەڵاتدا، یان مەبەستەکە "نەتەوەی کوردە"؟

لەراستیدا پارتی و یەکێتی، وەک دوو حزبی بۆرژوازی کە نوێنەرایەتی چینی سەرمایەدار دەکەن، لەگرتنەبەری هەر سیاسەتێک و هەر هەنگاوێکیاندا، گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانی ئەم چینەو حزبەکانیان لەسەر حسابی بێبەشکردنی زۆرینەی خەڵکی کوردستان شتێکیتر ئەنجام نادەن. وە هەموکاتێکیش هەموو سیاسەتەکانیان بەناوی "کوردو نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستانەوە" ئەنجامدەدەن تا نیشانی بدەن کە بەرژەوەندی ئەم چینەو حزبەکانیان هەمان بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان بە بەرچاویانەوەیە و ڕۆژانە هەستی پێدەکەن، کە خیزان و کوڕان و بەرپرسانی حزبی و حکومی بزوتنەوەی کوردایەتی چۆن لەسایەی دەستگرتن بەسەر سامان و داهاتی وڵاتدا، ژیانیکی فیرعەونانە دەژین و لەولاشەوە خەڵکی شەرافەتمەند، لە کوڕان و کچانی هەرئەم نەتەوەی کوردە کە ئەوان سوێندی بۆدەخۆن لە بێکاری و نەبونی و گرتنی ڕێگای هەندەران و هەزارویەک دەردەسەریدا ژیان دەکەن. تەنانەت ئەم حزبانە هەر کاتێک بەرژەوەندیەکانیان دەکەوێتە مەترسیەوە، بانگەوازی یەکخستنی ناوماڵی کورد دەکەن، ئەمەشیان بۆ ئەوەیە خەڵکی فریوبدەن و درک بە جیاوازیە چیانیەتیەکانی خۆیان لەگەڵ دەستەی فەرمان ڕەواو دەسەڵات بەدەستدا نەکەن.

کارنامەی ٣٥ ساڵی رابردوو،

ئەوە بە ڕۆشنی نیشاندەدا کە هەریەک لە پارتی و یەکێتی چ سیاسەتێکیان گرتۆتەبەر و چۆن خەڵکی کوردستانیان بەچەندین کارەسات و شەڕو ماڵوێرانیدا بردووە، تا ئاستی ئەوەی کە هەریەکەیان دەستیان بۆ "داگیرکەرانی کوردستان" درێژکردووەو سوپا و لەشکری حکومەتانی ناوچەکەیان ڕاکێشاوەتە سەرژیانی خەڵک و هەموشیان هەربەناوی بەرژەوەندیەکانی کوردەوە بووە، لەکاتێکدا لەهەموو ئەو کارەساتانەدا خودی ئەم حزبانەو بنەماڵەو دەست و پێوەندەکانیان سەلامەت دەرچون و مەینەتیەکەش بەسەر خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشی کوردستاندا شکاوەتەوە.

کەواتە ئەوەی کە ئەوان بەناوی کوردایەتی باس لەوە دەکەن کە گوایە هەموو کورد و ئەوانەی بەکوردی قسەدەکەن یەک بەرژەوەندیان هەیە، جگە لە درۆیەکی شاخدارو فریودانی خەڵک شتێکی تر نیە، چونکە کوردستان کۆمەڵگایەکی چینایەتیە و قسەکردن بەکوردی و بەکوردی زانینی کۆمەڵگا هەرگیز ئەم بەرژەوەندیە چینایەتیانە و ئەم جیاوازیە چینایەتیە ناسڕێتەوە.

سەبارەت بە دەستەواژەی "یەکخستنی ناوماڵی کورد"یش، دیسانەوە مەبەست لێی پەرەدەپۆشکردنی جیاوازیە چینایەتیەکان و بەرژەوەندیەکانیان، بۆئەوەیە کە بەخەڵک بڵێن کە "هەمومان کوردین و دەبێ تەحەمولی سەختی و هەڵەکانی دەسەڵاتداران بکەین" دەبێ مامۆستا داوای موچە نەکات، لاوان داوای کارو ئازادی نەکەن، کرێکاران ڕازیبن بەوەی کە کارێکیان دەستدەکەوێ و ژیانی کولەمەرگی پێ بەرێدەکەنە، هەروەها لە دەرەوەی ولات نارەزایەتی بەرووی سەرانی حزبەکانی دەسەلاتدا نەکەن... چونکە هەموو ئەمانە ڕوخساری کوردو دەسەڵاتەکەی ناشیرین دەکات، ئەمە کورد لەبەرامبەر "دوژمنەکانماندا لاواز دەکات".. لەکاتێکدا ئەوە هەر حزبەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردن کە دەستیان خستۆتە ناودەستی ئینسانکوژەکانی وەک ترەمپ، ئۆردوگان و پیاوانی کۆماری ئیسلامیەوە، ئەوە هەر ئەوانن کە "برا کوردەکانیان" لەسلێمانی و هەڵەبجەو هەولێر بێکار کردوەو ڕێگە لەئازادی خۆپیشاندان و نارەزایەتیان دەگرن و ڕۆژنامەنوسان تیرۆر دەکەن و سزایان بەسەردادەن کەچی لەولاشەوە دەستەوتاقمی شیعەو سونە و قەومیەکان بەدۆستی کورد بەخەڵک دەناسێنن!؟

لە کۆتاییدا، پرسیارێکی گرنگ دەمێنێتەوە: لە هەموو ئەو ململانێ و ڕێککەوتنانەدا، جێگای بەرژەوەندی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان لە کوێدایە؟ ئایا باسێک لە گوزەران، کار، موچە، خزمەتگوزارییەکان و ئایندەی باشتر بۆ خەڵک دەکرێت؟ یان هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵیاندا هەیە، بێگومان نەخێر. ئەی ئایا حزبە بەناو ئۆپۆزیسیۆنە ئیسلامی و قەومیەکان و ڕۆشنبیرانی ناسیونالیزمی کورد وەک زوورناژەنی یەکخستنی ناوماڵی کورد چ جێگایەک لە هاوکێشەی سیاسەتی یەکێتی و پارتی و کارنامەی ٣٥ ساڵی رابردوویاندا وەک دوو حزبی ناسیونالیستی کورد دەگرن!؟، کە جیا لەشەریک بوون لەگەڵیان شتێکی تر نیە.

هەموو ئەمانە دەردەخەری ئەو ڕاستیەیە کە ناسیۆنالیزمی کورد هەموو ئەوانە وەک ئامرازێک بەکاردەهێنێت بۆ فریودانی خەڵک. بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان لەو سیاسەت و ئایدیۆلۆژیانە جیا بکەنەوە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕیزی ملیۆنی خۆیان ڕێکخراو بکەن بۆ ئەوەی بتوان بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بکەن و دەستیان بە ماف و ئازادیەکانیان بگات و لەژیانێکی یەکسانی و شکۆمەند بەهرەمەند بن.

# کاریگەریی شەڕ لەسەر بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ئێران و ڕەخنە لە هیوای شەڕ!

## توانا محەمەد نوری

پێش ئەوەی ئاڵۆزییە سەربازییەکان دەست پێبکەن و دۆخی ئێران بەرەو شەڕ بڕوات، شەقامەکانی ئێران گۆڕەپانی نارەزایەتییەکی بەردەوامی خەڵک بوون. لە شارە جیاوازەکاندا، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان کۆدەبوونەوە و داوای مافەکانیان دەکرد. ئەم نارەزایەتییانە تەنها بۆ ماوەیەکی کورت نەبوون، بەڵکو بە شەو و بە ڕۆژ بەردەوام بوون. خەڵک بەوپەڕی ئازایەتییەوە دەنگی خۆیان بەرزدەکردەوە و داوای گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی حوکمڕانی و باشترکردنی ژیانیان دەکرد. داواکارییەکان زۆر و جۆراوجۆر بوون، بەڵام هەموویان لە چوارچێوەی داواکردنی ئازادی و ژیانێکی باشتردا بوون. بەڵام بەداخەوە، هاتنە پێشەوەی جەنگ و دەستپێکردنی ئاڵۆزییە سەربازییەکان، دیمەنی گشتی وڵاتەکەی بە تەواوی گۆڕی. ئەو وزە و هیوایەی کە لە نارەزایەتییەکاندا هەبوو، وردە وردە کاڵ بووەوە و جێگەی بە ترس و دڵەڕاوکێ گرتەوە.

ئەم شەڕە نەک هەر بووە هۆی وێرانی و کاولکارییەکی زۆر لە شار و گوندەکاندا، بەڵکو ژیانی هەزاران کەسی خستە مەترسییەوە. بینای بەرز و خانوو وێران کران، ژێرخانی ئابووری وڵات زیانێکی گەورەی پێگەیشت، کە قەرەبووکردنەوەی کاتێکی زۆری دەوێت. هەروەها، یەکێک لە دڵتەزێنترین دەرئەنجامەکانی ئەم


جەنگە، کوژرانی خەڵکێکی بێتاوان بوو. ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی سڤیل، ژن و منداڵ، بوونە قوربانی ئەم ئاڵۆزییانە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەزاران خێزان ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن و دەربەدەر ببن، کە ئەمەش کێشەیەکی مرۆیی گەورەی دروست کرد.

جگە لە زیانە گیانی و مادییەکان، شەڕ کاریگەرییەکی نەرێنی گەورەی لەسەر بزووتنەوە مەدەنییەکان دانا. ئەو دەنگە نارەزایەتییانەی کە پێشتر بەهێز بوون، ئێستا کپ کراون و خەڵک ناتوانن بە ئازادی داواکارییەکانیان بخەنەڕوو. لە ئێستادا، لەبری ئەوەی خۆپیشاندانی نارەزایەتی و داواکارییە جەماوەرییەکان ببینرێن، تەنها لایەنگرانی دەسەڵات دەبینرێن کە بۆ پشتگیریکردنی حکومەت رژاونەتە سەر شەقامەکان. ئەمەش نیشانەی گۆرانکارییەکی گەورەیە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتدا، کە تێیدا دەنگی ئۆپۆزسیۆن و نارازییەکان لاواز کراوە.

لەراستیدا، جەنگ بووەتە ئامرازێک بۆ پاشەکشەپێکردنی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و سەرکوتکردنی هەر جۆرە نارەزایەتییەک دژی رژێمی ئیسلامی ئێران. حکومەتی ئیسلامی توانیویەتی بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، سەرنجی خەڵک لەسەر کێشە ناوخۆییەکان لابەرێت و داواکارییەکانیان پاشیکشە پێبکات.

لێرەدا، دەبێت رەخنە لەو لایەنانەش بگیرێت کە بە شێوەیەکی ساویلکانە هیوایان لەسەر شەڕ هەڵچنیبوو بۆ رووخاندنی رژێم. ئەوانەی پێیانوابوو شەڕ دەتوانێت کورتترین رێگا بێت بۆ گۆرانکاری و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستا، بەداخەوە نەیانتوانی دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی شەڕ بە دروستی بخەمڵێنن. زۆرجار شەڕ نەک هەر ناتوانێت ئامانجە سیاسییەکان بەدی بهێنێت، بەڵکو دەبێتەهۆی ویرانی، کوشتار، ئاوارەیی، و لە هەمووی گرنگتر، کپکردنی دەنگی نارەزایەتییەکان.

لەکۆتاییدا، ئەم دۆخە بووەتە هۆی گۆرینی ئەولەویەتی خەڵک. لەبری ئەوەی خەڵک داوای ئازادی و مافەکانیان بکەن، ئێستا تەنها هەوڵدەدەن لە ژیاندا بمێنن و خۆیان و خێزانەکانیان لە مەترسییەکانی شەڕ بپارێزن. ئەمەش نیشانەی کاریگەرییە قووڵ و درێژخایەنەکانی شەڕە لەسەر کۆمەڵگا و داهاتووی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، کە ئەزموون نیشانیداوە گۆرانکاری راستەقینە و درێژخایەن لەرێگەی بزووتنەوە جەماوەرییە بەردەوامەکانەوە دێت، نەک لەرێگەی جەنگ و ماڵوێرانییەوە کە تەنها دەرفەت بە دەسەڵات دەدات بۆ توندکردنەوەی کۆنترۆڵ و سەرکوتکردنی زیاتری خەڵک.



٢١/٤/٢٠٢٦

# ئاستی هاوسەنگی شەڕی ئەمریکا و ئێران

## عوسمانی حاجی مارف

رووداوەکانی هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، زیاتر شەرێکی پەرتبوون بوو تائەوەی شەرێکی چارەنووسساز بێت، تەلئەبیب هەر لەسەرەتاوە قوماری لەسەر روخانی رژێم کرد، کە بە ئامانجگرتنی سەرکردەکانی دەستی پێکرد، دیارترینیان عەلی خامنەییە. ترامپ و ناتانیاهۆ بانگەوازی گەلی ئێرانیان کرد کە هەنگاو بنێن و خۆپیشاندان بکەن بۆ روخانی کۆماری ئیسلامی، بەلام واقیع چاوەروانیەکانی پێچەوانە کردەوە، سوپای پاسداران کۆمەڵکوژی جەماوەری نارازی و خۆپیشاندەرانی کرد، هەروەها تاران سەرەرای ئەوەی کەوتە بەر گورزی لێدانی گەورەی هێزی ئاسمانی، بەلام توانی خۆراگری خۆی نیشان بدات.

سەبارەت بە ئەمریکا و ئیسرائیل، بریاریان بوو شەرێکی خێرا و سنووردار و کورتماوە ئەنجام بدەن، بەلام بەخێرایی پەرەی سەند و بوو بە روبەروبونەوەیەکی هەمەلایەنە و فرەبەرەیی، بڵێسەی ئەم شەرە لوبنان و خەلیج و عێراق و کوردستانی گرتەوە، هەرەشەی تێکدانی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بێوێنە دروستکرد، ئیدارەی ئەمریکا سەرەتا گرەوی لەسەر سیناریۆی گۆرانی خێرای رژێم دەکرد، بەلام دواتر بۆ ئەمریکا و ترەمپ دەرکەوت، کە رێگای تاران بەو شێوەیە سادە و ئاسان نیە کە لە ژوری ئۆپەراسیۆنەکاندا پلانی بۆ دارێژرابوو.

سەرەتا لێدانەکان بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی پێشوەختە، بە نەهێشتنی رەهبەری و سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی، وەک ئەمریکا دەستنیشانی دەکرد، بۆ پەکخستنی سیستەمی فەرماندەیی و کۆنترۆلکردنی ئێران بوو، بەلام پێکهاتەی دامەزراوەیی رژێمی ئێران توانایەکی خێرای نیشاندا بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو نەخشەیە، ئەو ماوە کورتەی ئەمریکا و ئیسرائیل پێشبینیان دەکرد، ئێرانی گۆری بۆ شەرێک کە چل رۆژ درێژەی کێشا، هەروەها

دیمان لێدانە ئاسمانییەکان بۆ فشاری زیاتر ناوچە مەدەنییەکانیشیان کردە ئامانج.

ستراتیژی ئێران، پشتی بە فراوانکردنی شەڕەکە بەشێوەی ئاسۆیی بەست، هێرشەکان لەڕووی جوگرافییەوە درێژبوونەوە و چواردە وڵاتی دراوسێی کردە ئامانج، بە بیانوی بە ئامانجگرتنی بنکە ئەمریکییەکانی بەشداربوو لە هێرشەکەدا، بەهەمەچەشنکردنی سروشتی ئامانجەکان بۆئەوەی ژێرخانی گرنگ لەخۆبگرێت، پانتایی شەڕەکەی بەربڵاوکردەوە، بەجیا لەوەی ستراتیژی خۆراگری پیادەکرد، لە هەمانکاتدا ئەو بەربڵاویە ئەمریکا و ئیسرائیلی خستە بەردەم واقعێکی سەرسامبونەوە و چونیەتی بنبەستبونیان لە هەوڵی ناچاری بۆ وەستانی شەڕەکە، دۆخەکە لە ئامادەیی بۆ ڕوخانی کۆماری ئیسلامیەوە گۆڕدرا بۆ ئامادەیی لەسەر ڕێکەوتن و کۆتاییهێنان بەشەڕەکە.

ئیسرائیل هەر لە سەرەتاوە هیچ نهێنیەکی لە ئامانجەکان و هەنگاوە عەمەلیەکانی، بۆ شەڕەکە نەشاردەوە، بە باوەڕێکی بێدوودڵیەوە، ئۆپەراسیۆنەکانی بەستەوە بە نەهێشتنی هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی و لە ناوبردنی بەرنامەی ئەتۆمی و سیستەمی موشەکی بالیستیکی و لێدان لە بنکە سەربازیەکان، لەهەمانکاتدا ئیسرائیل لەناوخۆیدا شایەتی کۆچی دەیان هەزار کەسی بوو، لە هەمانکاتدا خۆی لەبەرامبەر بەرزترین ڕێژەی ئاوارەبوون بۆ پەناگەکان لە نێوان تۆپباران و دزەکردنی بەردەوامی درۆنەکانی ئێراندا دیبیەوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەفتانە بەرەوڕوی زیانی ئابووری بە نزیکەی سێ ملیار دەبووەوە.

کێشەی گۆڕانی هاوسەنگی سەرەکی شەڕەکە لە گەرووی هورمزدا سەریهەڵدا، کە لە خاڵێکی فشاری لاوەکیەوە گۆڕا بۆ ناوەندی ڕاستەقینەی قەیرانێک لەبەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیلدا، بەجیا لە خۆراگری تاران لە بەرامبەر لێدانە چڕەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، لە هەمانکاتدا داخستن و تێکدانی گەرووەکەش قەیرانێکی پشێوی جیهانی وزەی لێکەوتەوە، کە ڕۆیشتنی نەوت بۆ ئاستێکی پەراوێزخراو دابەزی و بەرهەمی ناوچەکەش بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکرد، ئەم واقیعە بووە هۆی ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بە چڕی سەرنج بخەنە سەر لەناوبردنی تواناکانی ڕێگری ئێران و لەناوبردنی بەشێکی بەرچاو لە بنکەی پیشەسازی بەرگری و شوێنەکانی هەڵدانی موشەکەکانی ئێران ڕاگەیەندرا. تاران تۆڕە هاوپەیمانیەکانی لە ناوچەکەدا لەچوارچێوەی بەرەیەکی ستراتیژی یەکگرتوودا چالاک کرد، بۆ بڵاوەپێکردنی سەرچاوەکانی نەیارەکانی و بەردەوامکردنی دۆخێکی نادڵنیایی درێژخایەن لە ناوچەکەدا.

ئەوەی شایانی باسە ئەو کاتەی ئێران بڕیاری کردنەوەی هورمزیدا، ترەمپی گەڕانەوە بۆئەوەی دان بەوەدا بنێت کە ئێران وڵاتێکی بەهێزە و پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، ئەمەش گۆڕانکاریەکی بەرچاوبوو لە گوتاری سیاسیدا، ئەم ئاڵوگۆڕە تا ئەو جێگایەی ستایشی ڕۆڵی تارانی کرد لە کردنەوەی گەرووی هورمز، تەنانەت پێزانینی خۆی بۆ تاران بەوجۆرە دەربڕی کە بە کردنەوەی "گەرووی ئێران" وەسفی کرد، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەمریکاوە وەک داننان بە هاوسەنگی نوێی هێز دەردەکەوێت، بەڵام دوای داخستنەوەی هورمز ترامپ گەڕایەوە بۆ هەڕەشەکانی.

بەم شێوەیە دەتوانم بڵێم تاران سەرەڕای گرانی شەڕەکە بەسەریەوە، لە کێشەی هورمزدا دەستکەوتێکی ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی بەدەستهێناوە، بەپێچەوانەی دابەزینی هەوڵەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ تەسلیم بونی ئێران، ئەمەش حیساباتی ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداوی سەرلێشێواو کردووە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە، شەڕێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو شەڕێک بوو لەنێو ئاڵۆزیەکاندا، کە تێیدا هەر لایەنێک سەرنجی لەسەر شکاندنی ئیرادەی ئەوی دیکە بوو، نەک سەرکەوتنێکی سەربازی ڕاستەوخۆ بەدەستبهێنن، هەروەها سیاسەتێکی وێرانکارو دارمانی یەکتر بوو. لە سەرەتای شەڕەکەدا، حیساباتی ئیسرائیل لەسەر ئەو گریمانەیە بوو، کە بە ئامانج گرتنی سەرکردایەتی ئێران دەبێتە هۆی دارمانی خێرای ناوخۆیی و ڕوخانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام ئێران ئەو لێدانانەی هەڵمژی و بە خێرایی خۆی ڕێکخستەوە و سوودی لە مێژووی دوور و درێژی بەڕێوەبردنی ململانێ ناهاوسەنگەکانی وەرگرت.

ئەمەش بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕوون بووەوە، سەرەڕای ئەو لێدانە توندانەی کە هەزاران شوێنی ناو ئێرانیان کردە ئامانج، وێرانکاری و قوربانی زۆری لێکەوتەوە، وەک چاوەڕوانیان دەکرد تاران نەک نەڕووخا، بەڵکو سەرپێچی هەموو پێشبینیەکانی کرد و پشتڕاستی کردەوە، کە گرەوەکان لەسەر دارمانی خێرا زۆر دوورە لە واقیعەوە، لەهەماکاتدا ترەمپ خۆی بینیەوە کە بە هەموو پێوەرێک ڕوبەڕوی هاوکێشەیەکی زۆر ئاڵۆزتر بۆتەوە، جگە لەوەش، هەڵگیرسانەوەی شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵلا، بەشێک بوو لەم هاوسەنگیە ناوچەییە فراوانترە، کە لۆژیکی بەڕێوەبردنی قەیرانەکانی بەهێزتر کرد.

لەگەڵ گەیشتن بە دۆخە چەقبەستووەکان و چل ڕۆژ خایاندنی شەڕەکە لەو ئاڵۆزیەدا، بەناچاری ئاگربەستێکی دوو هەفتەیی ڕاگەیاندرا، بەڵام بە خێرایی بە هێرشی توندی ئاسمانی پێشێلکرا، هەروەها ئاراستەکەش گۆڕدارا بۆ مێزی دانوستان، کە واشنتۆن بە مەرجی توندەوە هاتە ناوەوە، بەداوای کردنەوەی دەستبەجێی گەرووی هورمز و دەستبەرکردنی ڕێگا بازرگانیەکان، دارشتنی ڕێکەوتنێکی نوێی ئەتۆمی کە پیتاندنی یورانیۆم قەدەغە دەکات، لە بەرامبەردا تاران وەها لە دانوستانەکە نزیک بووەوە، مەرجەکانی تەسلیمبونی بە تەواویی ڕەتکردەوەو وەهای نیشاندا ئەو شەرە پەرتبوونەی کە بەڕێوەبراوە،

پێویستە ئەمریکا ناچارکات پاشەکشە بکات.

یەکێک لە دەرەنجامە هەرە بەرچاوەکانی ئەم شەڕە، نەخشە و سیاسەتی ئێران بو بە تێوەگلانی دەوڵەتانی کەنداو بۆ ناو شەڕەکە، ئەو وڵاتانەش کە خاوەنی توانای سەربازی بەرفراوان و هەزاران فڕۆکەی جەنگی بون، دەستوەرنەدانیان هەڵبژارد وە تۆڵە نەکەنەوە!.

ئاکامی ئەم شەڕە تا ئێستا لە ڕووی سەربازیەوە ئەوەی نیشاندا سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە نییە و ئەمریکا ئەو زلهێزە نیە بتوانێت لە شەڕەکاندا بە سەرکەوتویی دەرکەوێت، لە ڕووی سیاسیەوە ئێران لەم شەڕەدا خۆی لە دارمان و ڕوخانی ڕژێمەکەی پاراست، وەک یاریزانێکی سەرکەوتو خۆی جێگیر کردەوە، لە ڕووی ستراتیژیەوە پێگەی بەهێزی ناوچەیی خۆی پاراست و دەرگای دانوستانەکانی فراوانتر کرد.

سەبارەت بە ئیسرائیل، خۆی بینیەوە کە ڕووبەڕووی واقیعێکی زۆر ئاڵۆزتر بۆتەوە لەوەی پێشبینی دەکرد، ئەوەی کە بتوانێت قەڵایەکی گەورەبێت و جەمسەرێکی سەرەکی بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەک خەوێک مایەوە.

لەم چوارچێوەیەدا براوە ئەو لایەنە دەبێت، بەرامبەرەکانی ناچار دەکات پێداچونەوە بە ستراتیژی هەڵگیرسانی شەڕ و نەخشە سیاسیەکانیدا بکات.

بەگشتی ئەم واقیعە تائێستا لە دۆخی شەڕو ناسەقامگیری بەردەوامدایە، ئەمڕۆ هەموو جیهان لەسەر گەورەترین بەرمیلە باروت وەستاوە، کە خەریکە دەتەقێتەوە و چاوەڕێی ئەوەن کە ڕۆژ و کاتژمێرەکانی داهاتوو چی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئاخۆ وێرانکاریەکی تر بەرەوروودەبینەوە؟، بۆیە وەستانی بێمەرجی ئەم شەڕە، گرنگترین خواستی بزوتنەوەی دژی شەڕە، وەستان و کۆتایی شەڕ سەرکەوتنێکە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان.

★

# وتەی ڕێکخراوەکانی دەرەوەی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان لە خۆپیشاندانی لەندەن بۆ پشتیوانی لە دۆسیەی یەنار محمد !

ئەمڕۆ ٢٤ی نیسانی ٢٠٢٦ بۆ پشتیوانی لە دۆسیەی هاوڕێ یەنار محمد هەڵسوراوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی لە عێراق و بەرپرسی ڕێکخراوی ئازادیی ژن، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی لەبەردەم باڵوێزخانەی عێراق لە لەندەن بەڕێوەچوو.

شایانی ئاماژەیە ژمارەیەک لە هاورێیانی هەردوو حزب بەشداری خۆپیشاندانەکە بوون و دەشتی جەمال بەرپرسی ڕێکخراوەی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وتەیەکی بەناوی ڕێکخراوەکانی دەرەوەی هەردوو حزبەوە پێشکەش کرد و نارەزایەتی توندی هەردوو حزبی بەرامبەر بە تیرۆری یەنار دەربڕی و ووتی:" تیرۆرکردنی هاوڕێ یەنار محەمەد نەک تەنها تاوانێکە لە دژی کەسێک، بەڵکو کردوەیەکی سیاسی بوو لەلایەن دەسەلات و سیستەمێکی میلیشایی ئەنجامدرا کە باوەریان بەمافەکانی ژنان نیە و لەساتو سەودایەکی قیزەوەندا هەمواری یاسای باری کەسیتیان کردو یاسای جەعفەریان لەجێی دانا کە بەشودانی کچانی منالی ٩ساڵی بەیاسایی کرد. لەلایەن ئەوانەوە ئەنجامدرا کە لەپشتی یاسایی فرەژنیەوەن." هەروەها ووتی" ئەم کردوەو زەبوونانەیە هێرشێکە لە دژی هەموو بزووتنەوەی ژنان و هەموو ئەوانەی بۆ ئازادی و یەکسانی وژیانێکی باشترخەبات دەکەن"

هەروەها ووتی:" یەنار محەمەد ژیان و توانا و تەواوی هەوڵی خۆی تەرخان کرد بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی ژنان و پیاوان و بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤدۆستانە و ئازاد ویەکسان. ئەوانەی کە دەستیان بەو تاوانە گەیشت، پێیانوایە بە کوشتنی کەسێک دەتوانن دەنگی ئازادی بێدەنگ بکەن. بەڵام ئەو دەنگە بەهێزتر لەوەیە کە بە تیرۆر بوەستێت." هەروەها لەکۆتایی وتەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە سەرباری بەتوندی ئیدانەکردنی تیرۆری یەنار محەمەد، هاوکات داوا لە حکومەتی عێراق دەکەین کە:

١- بەفەری دەستبەجێ ئاکامەکانی لکولینەوەکان لەتیرۆی یەنار محەمەد ئاشکرا بکەن وتاوانباران بناسین بەرای گشتی .

٢-تاوانباران بەرنە بەردەم دادگایەکی ئاشکراو بیلایەن بە بەشداری کەسوکارو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەمافەکانی ژنان . بەپێچەوانەوە شاردنەوەی تاوانباران و هەرساتوسەودایەکی سیاسی بەکەیسی تیرۆری یەنار محەمەدەوە ڕووبەڕووی نارەزایەتی توندی دەبنەوە لەعیراق و کوردستان ناوچەکە وجیهان."

>>>>>>>>>>

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com